ژمارە: (٤٢)
ساڵی چوارەم، یۆلیۆی ٢٠٠٩

**گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، ڕووناکبیرییە**
**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**مانگانە دەریدەکات**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

**سەرنووسەر:**
**محەمەد کوردۆ**
mhamadkurdo@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:**
**محەمەد عەبدوڵڵا**

**سەرپەرشتیاری هونەریی:**
**ڕێبین مەجید**

# هەنار

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

**دەستەی نووسەران:**
**کارزان عەبدوڵڵا**
**ئەکرەم محەمەد ئەمین**
**نەورۆز جەمال**

**تایپیست:**
**پەیام ئەحمەد**

**هەڵەچن:**
**سنەوبەر کەریم**
**مونا عەبدوڵڵا**

**لۆگۆ:**
**حەمیدی ئازمودە**

**مۆتیف:**
**ژولی عەدنان**

**تیراژ**
**٥٠٠**

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە:** | | |
| ◆ واری وێران | هادی محەمەدی | ٧ |
| ◆ خوێندنەوەیەك لەسەر دەفتەری كۆ شیعری چنار نامیق | ڕەئوف مەحمود پور | ٢٣ |
| ◆ مێژووی گۆڕانكارییە هونەرییەكانی قۆناغی ڕێنیسانس | نوخشە عەبدول | ٣٩ |
| **دەق:** | | |
| ◆ نیشتیمانێك ، مات وەكو خۆم | بەرزان هەستیار | ٥٩ |
| برینێك، ناكۆتا هەتاوی لەبەر دەڕوات! | ژوان پێنجوێنی | ٦٢ |
| ◆ گەمەكانی باپیرەم | نەجات نوری | ٧٣ |
| ◆ مەستوورە نادۆزمەوە | جەلیل كاكەوەیس | ٨١ |
| ◆ شاعیرێك لە گەرانەوەیدا | محەمەد حسێن | ٨٨ |
| ◆ خەمێكی ئەرخەوانی | هیوا سەلیمی | ٩٥ |
| ◆ كچە شازادەكان لە دۆژەی بنەماڵەدا | زاهیر ڕۆژبەیانی | ٩٧ |
| ◆ كاكە كوردۆ گیان هەموو كاتێكت باش | سەلام محەمەد | ١١٠ |
| **دیدار:** | | |
| ◆ د. هۆگر مەحموود: زمانی كوردی تووشی پاشاگەردانی بووە | ئەكرەم محەمەد و كاروان ئیبراهیم | ١١٣ |
| ◆ دڵسۆز حەمە: هەڵكەوتەی ئینسانیی و میزاجی من، تەنها بۆ شیعرنووسین گونجاوە | شەمێران سلێمان | ١٢٠ |

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **وەرگێڕان:** | | |
| ◆ حەقیقەت و سەراب.. | دلێر محەمەد | ١٣٥ |
| ◆ یەشار كەماڵ-ی كوردو گۆنتەر گراس-ی ئەڵمانی، بەیەكگەیشتن | كارزان عەبدوڵڵا | ١٣٩ |
| ◆ ئاخۆ مەرگ پیاوە؟ | و: ئازاد بەهین | ١٤٣ |
| ◆ ئەدەب كار و كاسیی منە! | سۆران خدری پوور | ١٤٧ |
| ◆ تاك، كۆ (ئەلبێرتۆ موراڤیا) | شەریف فەلاح | ١٥١ |
| ◆ لەم گۆڕەپانەدا | ئەردەڵان فەرەجی | ١٥٦ |
| **هونەر:** | | |
| ◆ گفتوگۆی نێوان نەوەكانی هونەری شێوەكاریی كوردیی | ڕۆشنا ڕەسوڵ | ١٦١ |
| ◆ ١٠ پێش بڕیار دەربارەی ئیسلام و هونەرو چۆنێتی هەڵسەنگاندنی | نەهرۆ شەوقی | ١٧٧ |
| ◆ (لەشكری سەدام) و دۆزی كورد ..... | دڵشا یوسف | ١٨٤ |
| ◆ گرفتار كاكەیی: بەهۆی دەرخستنی ڕاستییەكانەوە زەندەقیان لەم هونەرە چووە | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | ١٨٦ |
| ◆ حەمەی نێرگز: گۆرانی ڕەسەن پێویست بەرتووش ناكات......... | شەنكار عەبدوڵڵا | ١٩٣ |
| ◆ شیرین جیهانی: سەدا سەد دەڵێم سینەمای كوردی سینەمایەكی....... | ئاراس ئیسماعیل | ١٩٧ |
| ◆ مۆزیكی كلاسیك | هەنار | ٢٠٣ |

# لێکۆڵینەوە



واری وێران، سەرنجێك لەدوو دەقی وەرگێردراوی تی. ئێس ئلیۆت

**هادی محەمەدی**

خوێندنەوەیەك لەسەر دەفتەری کۆ شیعری چنار نامیق

**ڕەئوف مەحمود پور**

مێژووی گۆرانکارییە هونەرییـەکانی قۆناغی ڕێنیسانس

**نوخشە عەبدول**





# واری وێران

## سەرنجێك لەدوو

## دەقی وەرگێردراوی

## the waste

## landی

## تی. ئێس ئلیۆت

هادی محەمەدی

### ١) چەند خاڵێك دەربارەی ژیان و بیۆگرافی تی. ئێس. ئلیۆت

تی. ئێس. ئلیۆت شاعیر، نوسەرو رەخنەگری ئەمریکی- بەریتانی ساڵی ١٨٨٨ لە هەرێمی میسوری ئەمریكا، لە كۆشی بنەماڵەیەكی دەوڵەمەندی ئینگلیزی لەدایكبووە. ساڵانی منداڵی لەو دەڤەرە دڵبزوێنە كە دوو رووباری گەورەی ئەمریكا (میسووری و می سی سی پی) تێكدەڕژێن، بەسەر بردووە. خۆی دەڵێت: (ئەم شوێنە زیاتر لە هەر شوێنێكی تری دنیا كاری تێكردووم).

دواتر بنەماڵەكەی دەڕۆنەوە بۆ باشووری بەریتانیاو ئلیۆت لەوێ گەورە دەبێ. ساڵی ١٩٠٢ شیعرەكانی خەیام، وەرگێردراوی فیتز جراڵد، دەخوێنێتەوە، بەقووڵی كاری تێدەكات، بەجۆرێك كە بیرو باوەڕی كۆن بەجێدێڵێت و روانگەیەكی نوێ هەڵدەبژێرێت. خۆی لەم بابەتەوە دەڵێت: (لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بەخوێندنەوەی شیعرەكانی خەیام، شاعیری گەورەی ئێرانی، لە دەروونی خۆمدا هەستم بە زەوق و هونەری شاعیرانە كرد، بەڵام خۆزگە قەت ئەم كتێبەم نەدیبا، ئاخر هەر كە بیر لە خەیام دەكەمەوە



بەناچار دەست بۆ نووسین دەبەم؛ بە وتەی ئێزرا پاوند، بیرو ئەندێشەی خەیام بە قووڵی كاریتێكردووم.)

ساڵی ١٩٠٦ دەچێتە زانكۆی هاروارد لەوێ لە بواری فەلسەفەدا ماستەر وەردەگرێت. لە هاروارد بە خوێندنەوەی (بزاڤی سەمبۆلیزم) بەرهەمی ئارتۆر سیمۆن، ئەم مەكتەبە زۆر كاری تێدەكات.

ساڵی ١٩١٠ دەچێتە پاریس و لەگەڵ ناوەندی رۆشنبیری فەرەنسا ئاشنادەبێت، لەم كاتەدا لەگەڵ بێرگسۆنی بیرمەندو ریچارد ڤاگنێری مۆسیكزان پێوەندی دۆستانە پێكدێنێت.

ساڵی ١٩١٢ هەموو هەوڵ و تێكۆشانی خۆی بەكاردەهێنێت تا لە زانكۆی ئاكسفۆرد دۆكتۆرای فەلسەفە وەربگرێت، بەڵام ساڵی ١٩١٣ لە گەرمەی جەنگی جیهانیدا خوێندن بە ناتەواوی بەجێدێڵێت و بە مەبەستی دیتنی رودلۆڤ ئوكێن، دەڕوات بۆ زانكۆی ماربورگ. ئلیۆت نەیتوانی ماوەیەكی زۆر لە لای رودلۆڤ ئوكێن بمێنێتەوە، چونكە ساڵێك دواتر بە ملیۆن سەرباز رژانە نێو شەقامەكانی ئەڵمانیا و ئلیۆت بە ناچار ئەو وڵاتەی بەجێهێشت و گەڕایەوە بەریتانیا.

ساڵی ١٩١٤ لەگەڵ دنیای ئەدەبی رۆشنبیری بەریتانیا ئاشنادەبێت، هەر لەم ساڵەدا لەگەڵ وی ڤین ژیانی هاوبەش پێكدێنێت و بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی، ناچار دەبێت هەم وەك مامۆستای قوتابخانەو هەم وەك كارمەندی بانك كاربكات. پێكهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ وی ڤین شكستێكی قورس بوو و كێشەی دەروونی ئلیۆتی زیاتركرد. وی ڤین لەرووی دەروونییەوە نەخۆش بوو و روون نییە كە بۆچی ئلیۆت ژیانی هاوبەشی لەگەڵی پێكهێنا. دایك و باوكی دەیانویست ئلیۆت ببێت بە مامۆستای فەلسەفە، بەڵام ئەو دەیەویست ببێتە شاعیرێكی راستەقینە، رەنگە هەر بەمهۆیە و بۆ دژایەتی لەئاست ئەوان ئەم ژیانە هاوبەشەی پێكهێنا. سەرئەنجام ساڵی ١٣٣٢ لە وی ڤین جیابووەوە.

ساڵی ١٩١٥ لەگەڵ ئێزرا پاوند ئاشنابوو و ئەوی وەك مامۆستای خۆی هەڵبژارد، ئێزرا پاوند كە بە وردی بەرهەمەكانی ئلیۆتی دەخوێندەوەو گرنگی زۆری پێدەدا، توانی بەقووڵی كاری تێبكات و هانی بدات تا شیعرەكانی لە گۆڤارەكانی بەریتانیاو ئەمریكا بڵاوبكاتەوەو وەك شاعیرێكی مۆدێرن بە خەڵك بیناسێنێ.

ئلیۆت زۆر جار ئەدەبیاتی قووڵ و رەسەن پێناسەدەكات؛ بە رای ئەو مرۆڤ ناتوانێ بە بەدەستهێنانیزانیاری، لەمەڕ فەرهەنگ و ئەدەب، ببێتە نووسەرێكی باش، بەڵكوو نووسەری باش كەسێكە كە شەیدای نووسین بێت. ئلیۆت شیعری زۆری نەنووسی، بەڵام

بەرهەمەکانی بەخێرایی ڕێزو سەرنجی خوێنەرانی شیعری مۆدێرنی لە هەر دوو لای ئاتلانتیك بەرەو خۆی ڕاکێشا.

ئلیۆت ساڵی ١٩٢٢ بە شیعری (واری وێران) بوو بە شاعیرێکی جیهانی، ئلیۆت لەم بەرهەمەدا تێدەکۆشێ بە دیدێکی نوێ دنیاو دیاردەکان ببینێ، ئەم شیعرە کە فەزای ڕەشبینی پاش جەنگی پێوەدیارە، بە ڕای ڕەخنەگران خەمنامەیەکە کە هەموو بەها دۆڕاوەکانی مرۆڤ دەلاوێنێتەوە. کاتێ ئلیۆت بۆ یەکەم جار ئەم شیعرەی بۆ ئێزرا پاوند خوێندەوە، پاوند پێشنیاری پێکرد تا نیوەی بسڕێتەوەو لە زێدەبێژی خۆببوێرێ، شاعیر ئەم پێشنیارەی قەبووڵکردو چەندین بەشی شیعرەکەی لابرد. ئەم بەرهەمە ساڵی ١٩٤٨ خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی وەرگرت.

ئلیۆت شاعیرێکە کە سروشت شەیدای وشە ڕەسەنەکانی دەبێت؛ ئەو دەڵێت: (شاعیر نابێت سۆراخی باران بگرێت، بەڵکو دەبێت خۆی باران ببارێنێت.) سەرئەنجام ئلیۆت زستانی ساڵی ١٩٦٥ ماڵاوایی لە ژیان کرد.

٢) سەرنجێك لە وەرگێڕانی (وێرانە خاك)ی م. زامدار

وەرگێڕان بەگشتی و وەرگێڕانی شیعر بەتایبەتی کارێکی قورس و گرانە، بەجۆرێك کە لەم بابەتەوە زانایان و شارەزایان بیروڕای جیاوازیان دەربڕیوە؛ یەکێك دەڵێت (وەرگێڕان هونەرە)، یەکێك دەڵێت (وەرگێڕانی شیعر وەکوو ئەوەیە کە بولبوولێك بکوژی بۆ گۆشتەکەی)، یەکێکیتر دەڵێت (وەرگێڕانی شیعر وەکو ئەوەیە شۆخێك لە پشت شیشەوە ماچ بکەی)، یانی ئەو لەودیو شیشەکە بێت و تۆ شیشەکە ماچ بکەی! تیۆدۆر ئادورنۆش دەڵێت: (من قەت بڕوام بە وەرگێڕانی شیعر نییە). لەمەڕ وتەی یەکەم دەبێت بڵێین زۆر ڕاستە وەرگێڕان هونەرەو کاری هەر کەسێك نییە، بەڵام لەمەڕ سێ وتەی دیکە دەتوانین بڵێن ڕاستە، زۆر وەرگێڕان هەن بولبوولێك دەکوژن بۆ گۆشتەکەی، جا بولبوولێك بێننە پێش چاوتان، بە چاو تێلی ڕەنگاوڕەنگ و خەت و خاڵ و نەخش و نیگاری ئێجگار جوان و زراڤی بنۆشن و بە گوێ چریکەی بەسۆزو سێحراوی هەڵژن، ئەوجار دەزانن کوشتنی بولبوول چ کارەساتێکی سامناکە، بەڵام بەدەگمەن وەرگێڕانی سەرکەوتوش هەن کە شان لە شانی دەقی ئورژیناڵ دەدەن و دیمەنی شەنگ و زایەڵەی چریکەی بولبوول دەنەخشێنن و دەگێڕنەوە.

لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەدا بێجگە لە دەقی ئینگلیزی، دوو دەقی فارسی و دوو دەقیکوردیشم لە بەردەست دا بووە. بە بەراوردکردنی وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستەی دەقی فارسی (بەهمەن شعلەوەر) لەگەڵ دەقی ئێنگلیزی، دروستی و وردبینی ئەم



وەرگێڕانەم بۆ دەرکەوت، تەنیا لە بەشی یەکەمدا ڕستەیەکی پەڕاندووە. هەروەها بەهمەن شعلەوەر کە لە بواری میتۆلۆژیدا شارەزایی باشی هەیە پێشەکی و پەراوێزی بۆ ئەم بەرهەمە نووسیوە، کە لە سەرەتاو کۆتایی شیعرەکەدا هێناومانە.

کاك مەحمود زامدار ساڵی ١٩٧٥ ئەم بەرهەمەی ئلیۆتی لە زمانی عەرەبییەوە کردۆتە کوردی، بەڵام وەرگێڕانێکی ئێجگار لاوازەو زۆر هەڵەی زەقی تێدایە کە نازانم ئۆباڵی دەکەوێتە سەر کاك مەحمود یان وەرگێڕی عەرەبی؟ لێرەدا چەند بەشێك لە دەقی سەرچاوە (ئینگلیزی) وەك نمونە دێنینەوەو لەگەڵ وەرگێڕانەکەی کاك مەحمودو دەقی فارسی بەراوردی دەکەین:

April is thy cruelest month, breeding
Lilacs out of the dead land, mixing
Memory and desire, stirring
.Dull roots with spring rain

ئلیۆت بەجۆرە بەشێوەی ئێجگار شازو هونەرمەندانە،شیعری (واری وێران)دەستپێدەکات؛ بەچەشنێك کە مرۆڤ بڕوا دەکات کە دەکرێت چاو لە چاوی وەرزەکان ببڕێت و لەگەڵ زەمین، درەخت و باران بدوێت. شاعیر بەساکاری لەئاست وەرزەکان دەوەستێت و دیمەنی سروشت و دیاردەکان بە جوانی دەنەخشێنێت.

کاك مەحمود زامدار ئەم بەشەی بەجۆرە وەرگێڕاوە:

**(نیسان دژوارترین مانگە**
**گوڵە زەمبەقەی پۆتر کاوی تێدا ئەڕوێت**
**یادگار ئاوێزانی ئارەزوو ئەکات..**
**ڕەگ و ماکە سستەکان**
**بە لیزمەی بارانی بەهار، بێدار ئەکاتەوە.**[(١)]

لە دێڕی یەکەمدا ئلیۆت بۆ وەسفکردنی مانگی ئاڤریل وشەی (cruelest) هێناوە بە مانای (غەدارترین) کە ناوی بکەرە (اسم فاعل) و دواترلە کۆتایی ڕستەکاندا بە هێنانی سێ فرمانی گرنگی (breeding): ڕواندن، (mixing): تێکەڵکردن و stirring)): بزواندن) ڕۆڵی ئەم مانگە وەسفدەکاتکە سەرەڕای کێش و هارمۆنی شیاو، بە زمانێکی بەهێز شیعرەکە دەستپێدەکات و خوێنەر سەرسام دەکات.

بەڵام کاك مەحمود زامدار لەجیاتی وشەی (cruelest)، (دژوارترین)ی داناوە کە ناتوانێت ڕۆڵی بکەر (فاعل) بگێڕێت و بەجۆرە لە دووهەم ڕستەدا بەپێچەوانەی شیعرەکە کە دەڵێت: ( لە خاکی مردوو یاس و سۆسەن دەڕوێنێت) ئەو دەنووسێت: (گوڵە زەمبەقەی پۆتر کاوی تێدا ئەڕوێت)، لێرەدا بە پشتگوێخستنی دوو وشەی dead land)) (خاکی مردوو)، مانای شیعرەکە بەتەواوی تێکدەچێت و پێوەندی مانایی و ستاتیکی دێڕەکانی دواتر لەگەڵ یەکەم دێڕ دەفەوتێت.

ئاخر شاعیر دەڵێت:

(ئاوریل غەدارترین مانگە)، بۆچی؟ بۆئەوەی کە لە خاکی مردوو یاس و سۆسەن دەڕوێنێ، بەجۆرە بیرەوەری و ئارەزوو کە یەکیان هێمای ڕابردوو و ئەویدی هێمای داهاتووە، تێکدەڕژێنێ و دژوازی و پارادوکس دەخولقێنێت. هەروەها زمانی وەرگێڕانەکەی کاك مەحمود لە ڕووی کێش و هارمۆنییەوە. نە هەر بەهێز نییە، بەڵکوو زۆر لاوازە.

بەڵام بڕوانن بەهمەن شعلەوەر باشترین وەرگێڕی ئێرانی ئەم شیعرە( )، ئەم بەشەی شیعرەکەی چەندە جوان و وردبینانەوەرگێڕاوە، کە سەرەڕای گەیاندنی پەیام و مانای دەقەکە، کێش و مۆسیقا و ڕەهەندی ئستاتیکیشی لەبەرچاو گرتووە:

**اوریل ستمگرترین ماههاست، گلهای یاس را**
**از زمین مرده می رویاند، خواست و خاگره را**
**به هم می امیزد، و ریشەهای کرخت را**
**با باران بهاری برمی انگیزد.**

ئلیۆت بەشی دووهەمی شیعرەکەی بەجۆرە دەستپێدەکات:

,The chair she sat in, like a burnished throne
Glowed on the marble, where the glass
Held up by standards wrought with fruited vines
From which a golden cupidon peeped out
(Another hid his eyes behind his wing)
Doubled the flames of seven branched





candelabra
Reflecting light upon the table as
,The glitter of her jewels rose to meet it
;From satin cases poured in rich profusion
In vials of ivory and colored glass
Unstoppered, lurked her strange synthetic ,perfumes
Unguent, powdered, or liquid – troubled, confused
.And drowned the sense in odours

کاك مەحمود ئەم بەشەی بەجۆرە وەرگێڕاوە:

**(لەسەر ئەو قەنەفەیە دانیشتم**
**کە وەك عەرشێکی ڕۆشن و زاخدار بوو**
**ساتێ کە ئاوێنەی لە بان ئەو ئالآ درەخشاوەی کە بە دارەمێو بەرز بۆە،**
**لەسەریا پەیکەرێکی زێڕین سەیری ئەکرد**
**(دوا گریشمەی گۆشەی چاوی لە ژێر باڵی دا شاردەوە)**
**ئاوێنەکەش حەوت مەشخەڵی مۆمدانەکەی پتر هەڵایساند**
**ڕۆشناییەك ڕژایە سەر مێزەکە**
**لەو ساتەی کە بریسك و هۆڕی مرواریەکانی تێدا هاتنە دیدار**
**بە شەپۆلی ڕۆشنایەکی مەزنەوە، لە مانگە ڕۆژی ڕەنگاورەنگی بێ تەپەدۆردا،**
**گولاوی ئاوێنەکراوی تێدا لە زەفت و پۆدرە و شلۆکی سێلو دامرکا**
**هەستی داڕوشاند و قنجاندی لە نێو بۆن و بەرامەدا نقومی کرد.**[٢]

وەك دەبینین م. زامدار بێجگە لە تێکدانی سوژە (بکەر)، فرمانەکان و زەمانی ڕوودانی فرمانەکانیشی شێواندووە. ئێمە ئەم بەشەمان بەجۆرە وەرگێڕاوە:

**(ئەو کورسیە کە خاتوونلێی دانیشتبوو،**
**وەك تەختی شاهی بەشکۆ بوو،**
**لەسەر بەردی مەڕمەڕ ئەدرەوشایەوە،**
**ئاوێنەی سەر ئەستوونی رازاوە بە دارمێوەکان**
**کە لە نێویان (کوپیدان)ی ئاڵتوونی بە نهێنی دەیڕوانی و**
**(ئەویدی، بە دەستی چاوەکانی دەشاردەوە)**
**حەوت شۆڵەی نێو مۆمدانی دووقاتدەکردو**
**شەوقی رووناکی سەر مێزی دەشکاندەوە**
**تا وریشەی زێڕ و ئاڵتوونەکانی سوژدەی بۆ بەرن،**
**لە جل و بەرگی ئەتڵەسی شکۆ و فراوانی دەباری؛**
**لە شوشەی بلووریی رەنگاوڕەنگ دا**
**عەتر و عەبیری سەیر لە بۆسەدا بوون،**
**چەور، پوودر، ساکار- ئاڵۆز، گێژ و حەیران،**
**هەست و هۆشیان لە بۆن بەرامەدا غەرق دەکرد.)**

با خوێنەران خۆیان ئەم دوو وەرگێڕانەبخوێننەوەو لەگەڵ دەقی ئینگلیزی بەراوردی بکەن و پاشان داوەری بکەن.

ئلیۆت بەمجۆرە بەشی سێهەمی شیعرەکەی دەستپێدەکات:

The river’s tent is broken: the last fingers of leaf
Clutch and sink into the wet bank. The wind
Crosses the brown land, unheard, The nymphs
.are departed
.Sweet Thames, run softly, till I end my song



کاك مەحمود ئەم بەشەی بەمجۆرە وەرگێڕاوە:

**(خێوەتی روبارەکە دارما**
**دوا قامکی لق و چڵووکی درەختەکە هەڵوەری**
**روبارە سازگارەکەی دی و تێچەقی**
**گژەباکە بێ چرپە لەسەر زەوییە بۆرەکەدا ئەخشی**
**زەرییەکانی نێو ئاو رۆیشتن**
**بە لەوەندی رێ بکە ئەی روباری (تایمز)ی شیرین**
**تا سرودەکەم تەواو ئەکەم)**[٣]

وەرگێڕ ئەگەرچی لەگەڵ ئەم بەشەدا زۆر هەوڵی داوەو چوار دێڕی کردۆتە حەوت دێڕ، بەڵام بێجگە لە تێکدانی زەمانی فرمانەکان، پەیام و مانای شیعرەکەی شێواندووە. لێرەدا ئێمە وەرگێڕانی خۆمان و وەرگێڕانی فارسی، مەریەم هاشم، وەك نمونە دێنینەوە با راستی دەقەکان زیاتر روون بکەینەوە:

**(دەواری روبار دڕاوە؛ دوا ئەنگوستانی گەڵا**
**چنگاوژی بەستێن دەبێ و بە رۆخی تەڕی رووبارا رۆدەچێ.**
**با بە بێدەنگی بەسەر خاکی قاوەیی دا دەخوشێ.**
**پەریان جلی سەفەریان پۆشیوە.**
**تەیمزی مێرەبان هێور بڕۆ،با من گۆرانییەکەم بچڕم.)**

**(خیمه رودخانه پاره**
**اخرین انگشتان برگ**
**چنگ می کشند و در ساحل خیس فرومی روند**
**باد ساکت**
**از دشتهای قهوەیی می گزرد**
**پری ها امادەی سفرند**
**تایمز مهربان تا پایان این ترانه ارام بگزر.)**

**(مریم هاشم، روژنامەی کارگزاران)**

ئلیۆت لە بەشی پێنجەمی شیعرەکەدا، لەنێو بەردەڵان و گاشەبەردی قاقڕ کە بە دڵۆپیش ئاو نییە، هاژەی داچۆڕانی ئاو بە چریکەی باڵندەیەك دەشوبهێنێ کە خۆی لە (کۆبێك) چریکەی بیستووە:

But sound of water over a rack
Where the hermit-thrush sings in the pine trees
Drip drop drip drop drip drop
But there is no water

کاك مەحمود بەمجۆرە وەریدەگێڕێت:

**بەڵام دەنگی ئەو ئاوەی کە لەنێوان بەردەوە دەڕئەچێ**
**لەو ئانەی کە کافرۆشی دێوانەی نێوان سرو سنەوبەرەکان**
**تێ ئەچریکێنێ و ئەڵێ:**
**(تك تك تك تك تك تك تك)**
**وەك تنۆکی ئاو،**
**بەڵام، داخ و مەخابن، لەوێ دا ئاو نییە.** (٤)

ئلیۆت بۆئەوەی خوێنەر لە مەبەستی خۆی تێبگەیەنێت لە پەراوێزدا بەمجۆرە باسی ئەو باڵندە دەکات: Hermit-thrush مەبەستم جۆرێك باڵندەیە کە من لە دەڤەری کۆبێك ((Quebec چریکەیم بیستووە. چاپمەن (باڵندە ناسی باکووری ئەمریکا) دەڵێ: (ئەم باڵندە لەنێو لێرەوارەکان لە شوێنی پەرت و تەریك هێلانە چێ دەکات... چریکەی هێندە دەگمەن و سێحراوییە کە لە هیچ دەنگێکیتر ناچێت، هێندە نەرم و شیرین بە کێش و هارمۆنی دەچریکێنی کە هیچ ئاواز و چریکەیەك نایگاتێ). چریکەی ئەم باڵندە بە (چوڕە و چکچکەی داچۆڕانی ئاو) ناودێر کراوە.)

بەڵام کاك مەحمود بێجگە لەوە کە لەجیاتی ئەم باڵندە (کافرۆش!؟) دادەنێ، لە هێنانی زۆربەی پەراوێزەکان کە بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکە زۆر پێویستن، خۆی بواردووە. هەروەها دەنگی باڵندەکەی بەمجۆرە هێناوە:(تك تك تك تك تك)، کە ئەگەر



لەگەڵ دەقی ئینگلیزی (Drip drop drip drop drip drop) بەراوردی بکەین دەزانین کە مەبەستی شاعیر هاوکات هەم چریکەی باڵندەو هەم دەنگی دڵۆپەی ئاو دەگەیەنێ، بۆ وەرگێڕانی ئەم بەشەو بۆئەوەی هەر دوو مەبەستی شاعیر بپێکین دەبێ ئەم دێڕە بەمجۆرە وەرگێڕین:(چك چیك چك چیك چك چیك). رەنگە زمانی کوردی لە ناوی دەنگەکان دا لە هەموو زمانەکان دەوڵەمەندترە؛ بۆ وێنە بە ئینگلیزی دەڵێن: sound of water (دەنگی ئاو) sound of wind (دەنگی با)؛ بە فارسیش دەڵێن: صدای اب، صدای باد. بەڵام کورد دەڵێ: هاژەی ئاو، چۆڕەی ئاو، گڤەی با، لوورەی گورگ؛ کە هاوکات جۆری دەنگی دیاردەکان بە گوێی بیسەر دەگەیەنێ. کەوابوو بەم ئاکامە دەگەین کە بۆ وەرگێڕانی دەقەکان، سەرەڕای شارەزایی لە هەر دوو زمانەکەدا، وەرگێڕ دەبێ خاوەن زەوقی ئەدەبی و هەستی ئێستاتیکی (جوانیناسانە) بێت.

دەقەکەی مەحمود زامدار هەتا بڵێی هەڵەی تێدایە، من تەنیا بە چاوپیادا خشاندنێك ئەم چەند بەشەم دەست نیشانکرد؛ بۆ وێنە لەجیاتیunreal city (شاری فانتازی، یان شاری مەجازی) لە شوێنێك دەنووسێت: (شاری ساختەکار)و لە شوێنێکیتر دەنووسێت: (شاری دردۆنگ)(٦). هەروەها لەجیاتی وشەی rag (جلی کۆن)، وشەی (زەماوەند)(٧)ی هێناوە!!

## ٣) وتەیەك سەبارەت بە وەرگێڕانی عەتا قەرەداغی

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ دا کاك عەتا قەرەداغی وەرگێڕانێکی تری لە بەرهەمی واری وێرانی ئلیۆت چاپ کرد(٨). کاك عەتا بە وتەی خۆی ئەم دەقەی راستەوخۆ لە دەقی ئینگلیزی وەرگێڕاوە. ئەم دەقە لەچاو دەقی م. زامداروەرگێڕانێکی پوختەترە. بەڵام سەیرە کە هەر دوو وەرگێڕ هەر لە یەکەم وشەدا تووشی هەڵە هاتوون: ناوی بەرهەمەکەی ئلیۆت بریتییە لە: (the waste land)، کە وەرگێڕانی دروستی بۆ کوردی دەبێتە (خاکی وێران). وەك دەزانین لە زمانی ئینگلیزی دا ئاوڵناو لە پێش ناو دێت، بەڵام لە کوردیدا لە پاش ناو دێت. بەڵام هەر دوو وەرگێڕ (زامدار و قەرەداغی) وەها شتێکی سادەیان رەچاونەکردووەو کردوویانە بە (وێرانە خاك). هەروەها وەرگێڕ لەجیاتی ئلیۆت نووسیویە: ئیلیەت. ئەمەش لە کاتێکدایە لە زمانی ئینگلیزیدا دەنووسن Eliot و بە ئیڵیەت دەیخوێننەوە.

وەك پێشتر وتم ئلیۆت سەرەتای شیعرەکەی بە زمانێکی ئێجگار تێکنیکی و بەهێز بەمجۆرە دەستپێدەکات:

April is thy cruelest month, breeding
Lilacs out of the dead land, mixing
Memory and desire, stirring
.Dull roots with spring rain

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە م. زامدار ئەم بەشەی چۆن وەرگێڕاوەو ئەوەشمان وت کە ڕەنگە هەڵە بەهۆی وەرگێڕی عەرەبەوە کرابێت. بەڵام کاك عەتا کە ئینگلیزی دەزانێت! بۆچی بەمجۆرە وەریدەگێڕێت:

**نیسان دژوارترین مانگە، گوڵە زەمبەق**
**لە خاکی مردووەوە سەردەردێنێ، یاد و ئارەزوو**
**تێکەڵاوی یەکتر دەکات، ڕەگی سست**
**بە بارانی بەهار دەژێتەوە.** (٩)

بۆ ئەوەی عەتا. قەرەداغیش وەك م. زامدار وشەی (cruelest)) بە (دژوارترین) وەرگێڕاوە و ڕۆڵی بکەر/ فاعلی پێنەداوە، هەر هەمان هەڵەکانی زامداری دووپاتکردۆتەوە. ئێمە پێمانوایە دەبێت ئەم کوپلە لە شیعرەکە بەمجۆرە وەرگێڕین:

**ئاڤریل غەدارترین مانگە،**
**لە خاکی مردوو یاس و سۆسەن دەڕوێنێ**
**خەون و یادگاری تێکدەڕژێنێ**
**بە ڕێژنەی بارانی بەهاری**
**ریشەی تەزیو دەبزوێنێ.**

خوێنەری وشیار تێدەگات کە کاتێ وشەی (cruelest) بە (غەدارترین) وەرگێڕین و سێ فرمانی mixing ،breeding و stirring پێوە ببەستینەوە، ئەوجار بە دروستی مەبەستی شاعیر دەپێکین. وەك دیمان سەرکەوتوترین وەرگێڕی فارسیش هەر بەمجۆرە وەریگێڕاوە.

بێجگە لەوە زمانی کاك عەتا قەرەداغی زمانێکی ئێجگار نەپوخت و ناتۆکمەیە و زۆر لە زمانێکی ناسك و لە هەمان کاتدا بەهێزی شاعیرانە بەدوورە. بۆ وێنە بڕوانن بۆ ئەو بەشە:



**داخۆ تۆ زیندویت یان نا؟ ئایا مێشکت هیچی تێدایە؟**
**بەڵام .. ئۆ ئۆ ئۆ ئۆ ئەو ئاهەنگە شکسپیرییە،**
**زۆر ڕەونەقدارە،**
**زۆر زیرەکیە**
**ئێستا دەبێ من چی بکەم؟ من چی بکەم؟**
**هەمان شێوەی خۆم دەر دەپەڕمە دەرەوە، شەقامەکە تەی دەکەم،**
**...**
**لە سەعاتی دەدا ئاوەکە گەرمە.**
**ئەگەر باران ببارێت، ئۆتۆمبیلە داخراوەکە لە سەعات چواردا دێت**(١٠)**...**

ئەم بەشە بێجگە لەوەی دوو هەڵەی زەقی تێدایە، هیچ لە زمانی شیعر ناچێت. وەرگێڕ لە جیاتی وشەی rag ئاهەنگێك داناوەو لەخۆڕا لە پەراوێزدا نووسیویە: (مۆسیقای شکسپیری جۆرە مۆسیقایەکی جازە بۆ سەماکردن...)، وادیارە وەرگێڕ وشەی rag بە مۆسیقی (ڕاك) تێگەیشتووە، ئەگینا ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای جلی کۆن و لەمێژینە. ئەگەریش ئاماژە بە شیکسپیر دەکات، مەبەستی سرودی ئاریەلە لە بەرهەمی (تۆفان) دا، نەك مۆسیقای جاز. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بۆ پەراوێزی ژمارە ١٥ لە نووسینی بهمن شعلەوەر(١١). هەروەها دەنووسێت (زۆر زیرەکیە)، کە بێ مانایە. یان (دەر دەپەڕمە دەرەوە) زمانی شیعر نییە.

لە چەند شوێندا لەجیاتیsweet Thames دەنووسێت (تەیمزی دڵگیر) کە دڵگیر هەڵەیە؛ لێرەدا شاعیر بە زمانێکی نەرم و سۆزاوی ڕووباری تایمز وەسفدەکات بە مانای تەیمزی جوان، یان خوێن شیرین، بەڵام بۆئەوەی زمانێکی شاعیرانەی پێبدەین دەبێت بڵێین تەیمزی مێرەبان. ڕەنگە وەرگێڕ وشەی (دڵگیر)ی لەجیاتی (دڵگر) هێنابێت؛ یەکەمیان بەمانای غەمگین دێت، بەڵام دووهەم بەمانای دڵخواز. (ل ٣١ دێڕەکانی ٣ و ٤ و ...). هەروەها لەجیاتیlovely woman، (ژنی دڵگیر) دادەنێ کە ئەوەش تەواو غەڵەتە، (لاڤڵی) بە مانای جوان و لەبەر دڵانە، نەك دڵگیر. وەرگێڕانی دروستی ئەم دوو وشە دەبێتە (ژنی شۆخ). (بڕوانە بۆ ل ٣٨ دێڕی ٦).

دەقەکەی کاك عەتا سەرەڕای ئەوە کە زمانێکی شێواو و ناخۆشی هەیە، هەندێك لە پەراوێزەکانیشی تەرجومە نەکردووە. بۆ وێنە دەنگی باڵندەکەی هەر وەك خۆی بە زمانی ئینگلیزی هێناوەتەوە: (دریپ درۆپ، دریپ درۆپ، دریپ درۆپ)، کە ئەمە لە

زمانی ئینکلیزیدا دەنگی ئاو و باڵندەکەش دەگەیەنێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا، نە چکچکەی ئاو دەگەیەنێت و نە چریکەی باڵندەش.

وەك لە سەرەتادا باسمانکرد ڤی ڤین، ژنی ئلیۆت گیرۆدەی نەخۆشی گرانی دەروونی بوو، هەر ئەمەش دۆخی رۆحی ئلیۆت خراپتر دەکات، ساڵی ١٩٢٢ لە فەزای پڕ لە ناهۆمێدی گشتی پاش جەنگداو لە دۆخی شەخسی نالەباردا، کاتێ شیعری واری وێران دەخولقێنی، زۆر لە مەرگی لەناکاوی هاوسەرەکەی دەترسێ، بەجۆرێك کە بەشێوەی هێمایی و ناراستەوخۆوەها رستەیەکی لاتینی لەنێو شیعرەکەیدا دەگونجێنێت: (من پیاوێکی خەمۆکم- ژن مردوو- دڵ بە سۆ، ...شازادە (ئا کی تەن) لە (قەڵای وێران.)ئەم رستە و دوو رستەی دیکە لە دەقی قەرەداغی دا بەدیناکرێت...

لێرەدا دەقی ئۆرژیناڵ و دەقی قەرەداغی دێنینەوە، تا خوێنەر بە رۆشنی بیبینێ و بینرخێنێت:

London Bridge is falling down falling down falling down
poi s'ascose nel foco che gli affina-
Quando fiam ceu chelidon - -- O swallow swallow
-Le prince d'Aquitaine a la tour abolie-
These fragments I have shored against my ruins
.Why then Ile fit you. Hieronymo's mad againe
.Datta. Dayadhvam. Damyata
Shantih shantih shantih

ئەو وشە و رستانە کە بە خەتی ئیتالیك دیاریکراون پێویست نییە لە شیعرەکەدا وەربگێڕدرێت و دەبێ لە پەراوێزدا راڤەبکرێت، بەڵام وەرگێڕ بێجگە لەوەی فۆرمی دەقەکەی شێواندووە، تووشی هەڵەیقورس هاتووەو بەجۆرە وەریگێڕاوە:



**پردی لەندەن هەرەس دێنێ، هەرەس دێنێ، هەرەس دێنێ،**
**پاشان نوقمی نێو ئەو ئاگرە بێگەردە دەبێ،**
**کەی من وەکوو پەڕەسیلکەم لێدێ، پەڕەسێلکە، پەڕەسێلکە**
**میر (ئەکتینی) بورج وێران**
**من بەم پارچانە رێگام لە هەرەسی خۆم گرتووە**
**لەبەر ئەوە لەگەڵ تۆ دەگونجێم، جارێکی دی (هیرۆنیمۆ) شێت بووەوە.**
**ببەخشن. بەزەیتان بێتەوە. دەسەڵات بکەن.**
**ئاشتی ئاشتی ئاشتی.**[١٢]

وەرگێڕ لەم بەشەدا یەکەم، تێکڕای پێوەندی ئێستاتیکی و لۆژیکی شیعرەکەی تێکداوەو تووشی چەندین هەڵەی زەق هاتووە؛ دووەم، روون نییە دووەم دێڕی لە کوێوە هێناوە؟ سییەم، شریخەی هەور بە زمانی ئاینی هیندی ئەم سێ فەرمانە رادەگەیەنێت: Datta. Dayadhvam. Damyata. کە وەرگێڕ بەمجۆرە وەریگێڕاوە:(ببەخشن. بەزەیتان بێتەوە. دەسەڵات بکەن).(دەسەڵات بکەن) لە زمانی کوردیدا هیچ مانایەکی نییە؟ مانای دروستی ئەم سێ وشە بەپێی راڤەی بەهمەن شعلەوەر دەبێتە: (لەخۆ بردوو بە، دڵسۆز بە، دەروونت خاوێنکە). چوارم، وشەی Shantihی لەخۆرا بە ئاشتی وەرگێڕاوە. لەکاتێك دا ئلیۆت خۆی بەمجۆرە راڤەی دەکات: Shantihبەوجۆرە کە لێرەدا دووپاتبۆتەوە لە کۆتایی هەر ئوپانیشادێك (کتێبی ئایینی هیندی) دا دێت و بە مانای گەیشتن بە (ئارامی رەهایە کە بە زمان باس ناکرێت).

ئەگەر ئەم کوپلەیە وەك عەتا. قەرەداغی وەرگێڕین و مانای سێ دێڕە لاتینەکە بنووسین ئاوای لێدێت:

**پردی لەندەن تێکدەڕوخێ تێکدەڕوخێ تێکدەڕوخێ**
**بەو بەهایە سوێندت دەدەم کە تۆ بە تەشقی پلەکان دەگەیەنێ**
**- لە کاتی خۆشی دا ژان و ئازاری منت لەبیر بێ.**
**- کەی بەهاران لە مندا دەپشکوێن؟ کەی دەبمە پەرەسێلکە و لەم خەم و خەفەتە لاڵە رزگار دەبم؟**
**- من پیاوێکی خەمۆکم- ژن مردوو- دڵ بە سۆ، ...شازادە (ئا کی تەن) لە قەڵای وێران.**

**من بەم لەت و کوتانەوە لە ژێر وێرانەکانم مۆمم هەڵکردووە**
**دیسان ئاوەدانت دەکەمەوە. هیرانیمۆ دووبارە شێت بووە.**
**داتا. دایادهڤام. دامیاتا.**
**شانتیە شانتیە شانتیە**

ئلیۆت کە خۆی بە میراتداری کولتور و شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەزانێ و داب و نەریت و بەهاکانی مەعنەوی و هیۆمانستی بۆ گرنگە، لەئاست داروخانی ئەخلاق و وەحشیگەری و جەنگی جیهانی و سپڵەیی و چاوچنۆکی مرۆڤ لە ناخەوە هەڵدەقرچی و لە کۆتایی بەرهەمەکەدا بە پشتبەستن بە ئاینی کۆنی هیندی و کولتوری هەراوی زمانی لاتینی، بەجۆرێك دۆخی تیپیکی مرۆڤێکی وشیار و هەستیار (کە خۆیەتی) دەنەخشێنێ کە لەپڕ دۆخی تیپیك دەبێتە دۆخی گشتی و وەکچۆن لە شیعری حافظ دا (حادپە) دەبێتە (واقعە)، شیوەن و لاواندنەوەی مرۆڤێك، دەبێتە شیوەن و لاواندنەوەی مرۆڤایەتی...

من بۆم نەکرا هەموو دەقەکانی هەر دوو وەرگێڕ لەگەڵ دەقی ئۆرژیناڵ بەراورد بکەم و بەپێی دەرفەت و توانا تەنیا ئەو خاڵانەم دەست نیشان کرد. هیوادارمئێمەی کورد ببینە خاوەن بواری نرخاندن (critic) جدی و بەشێوەی کۆنکرێت فەرهەنگ و دەقەکانمان بنرخێنین، ئەم کارەش زۆر پێویستە و ئەگەر سەربگرێت زۆر گەشە بە فەرهەنگ و زمانەکەمان دەدات.



**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

١- وێرانە خاك، وەرگێڕانی م. زامدار، دیای ژمارە ٤١، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی، ل؛ ٧

مریەم هاشم ئەم کوپلەیە بەجۆرە وەردەگێڕێ:
(اوریل
سنگ دل ترین ماه است
رویش یاس های بنفش از زمین مرده
بر امیختن امید و خاگره
تکاپوی ریشەهای کرخت با باران بهاری.)
روزنامه کارگزاران، ١٠/١٢/ ١٣٨٥

٢- وێرانە خاك، وەرگێڕانی م. زامدار، دیای ژمارە ٤١، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی، ل؛ ١٠.

٣-وێرانە خاك، وەرگێڕانی م. زامدار، دیای ژمارە ٤١، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی، ل؛ ١٤.

٤- هەمان، ل؛ ٢١.

٥- ل ١٥، دێڕی ١٤.

٦- ل ٩، دێڕی ١٢.

٧- ل ١٢، دێڕی یەکەم.

٨- وێرانە خاك، ئلیۆت، عەتا قەرەداغی، بیستمین کتێبی چاپکراوی رەخنەی چاودێر، سلێمانی ٢٠٠٩.

٩- هەمان سەرچاوە، ل ١٦.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل ٢٦-٢٧.

١١-لە دێڕی ١١٦ دا (شوێنێك کە مردوان ئێسك و پروسکیان دۆڕاند) قارەمانی چیرۆك بیر لەم شتە دەکاتەوە کە تەنانەت مەرگیش قسر و بێهوودەیە، پاشان گۆرانی (ئاریەل) ی (تۆفان)ی شیکسپێری وەبیر دێتەوە کە لەودا ئەندامەکانی جەستەی مردوو دەبن بە شتێکی (سەیر و گرانبەها).

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ٥٤-٥٥.

# زەنجیرەی جوانکاریی لە بارگەی بێدەنگیدا

## خوێندنەوەیەك لەسەر دەفتەری كۆ شیعری چنار نامیق

رەئوف مەحمود پور

زەنجیرەی جوانكاریی لەبارگەی بێدەنگیدا
خوێندنەوەیەك لەسەر دەفتەری كۆ شیعری چنار نامیق

لەنێو دەقەكانی (كۆشیعر)دا، جوانكارییە ئەدەبییەكانیش بەرچاون. هەرچەند دەكرێت بڵێین لەخوێندنەوەیەكی ئەدەبیدا، ئەو دەقانەی كە دەبنە هۆی هروژاندنی خوێنەرو ناچار بەراوەستە لەسەر خۆ دەكەن، وەك جوانكاریی ئەدەبی دێنە ئەژمار. تەنانەت ئەگەر ئەو خەسارانەش بن كە دەكەونە بەردیدەی بەردەنگی چالاك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك لەجوانكارییە ئەدەبییەكان هەن كە لەنێو دەقەكاندا، وەك شاگوڵ دێنە بەردیدەی خوێنەرو لانی چەپكێ هێماو رستنی ئەدەبین. لەزۆربەی بەرهەمەكانیشدا ئەم رەوتە بەرچاوو بەفاكتە. لە(كۆشیعر)ی خاتوو (چنار نامیق)دا ئەو دەقانە بەرچاو دەكەون. هەرچەند لەوانەیە لەروانگەی خوێنەرێكەوە بۆ روانگەی خوێنەرێكی دیكە تۆفیربكەن و راوبۆچوونەكان لەسەریان یەك شێواز نەبن.

ئەوە شتێكە ئاسایی و سەردەمیانەیە ئەگەر بڵێین خوێندنەوەی تاقانە بۆ هەر دەقێك مانای نەماوەو پووچەڵە. چونكە بەرادەی هەبوونی خوێنەری چالاك، دەكرێت خوێندنەوە لەسەر دەقە ئەكتیڤەكان بكرێت.

(رۆبورت ئسكولز) لەم پێوەندەدا لەسەر ئەو قەناعەتەیە كە: (خوێنەر لەكاتی



رووبەرووبوونەوە لەگەڵ دەقێكدا، ئەویش بەهەر رادەیەك لەپێچراوەیی، دەبێت لەنێو دەقەكەدا هەڵبژاردن بكات و زیاتر لەسەر ئەو بەش و بابەتانە راوەستە بكات كە بەباوەری خۆی، گرنگی و بایەخی زیاتریان هەیە، چونكە لەم خوێندنەوەیەدا، باسی سەرپشكبوون لەئارادایە. خوێندنەوەیەكی تاقانەی دروست بۆ هیچ دەقێكی ئەدەبی واتا و بوونی نییە[١]).

دیارە لەم خوێندنەوەیەشدا ئەگەر جەخت لەسەر بابەت، یان كۆپلەیەك لەشیعرەكان دەكرێتەوە، بۆ خوێندنەوەی تایبەتی ئەم گۆشەنیگایە دەگەرێتەوەو لەوانەیە لەخوێندنەوەیەكی دیكەدا، بەهەمانشێوە نەبێت. ئەمەش بەشێكە لەقەناعەتی من و هەرگیز باوەرم بەتاكدەمگی و تاكرۆیی نییە.

چراكان
تاریكتر لەشەوگار
دەسووتێن[٢]

چوار واژەی: (چرا، تاریك، شەوگار، سووتان) دەبنە گێجاوێك بۆ هەڵسووراندنی زەین و مێشكی بەردەنگ. ئەم چوار واژەیە هەر كامەو بەهێماو دەنگاژۆیەكی تایبەت بەخۆ، دەبنە كومایەك بۆ رەخساندنی چەپكێك بۆچوون و خوێندنەوەی جیاواز.

چرا: نوور، رێنما، پیرۆز، رێبەر، مژدەبەخش، رزگاركەر، ئاوات، حەز، ئەهوورا.
تاریك: نادیار، ونكەر، ناموبارەك، تاسێنەر، دوژمن، ئەهریمەن.
شەوگار: رێونكەر، دژی رۆژ، تاریكی، سام و ترس، داگیركەر، رێ دز.
سووتان: فەنابوون، توانەوە، قوربانی، فیدابوون، خەباتكار.

ئەم چوار واژەیە لەتەرازووی ئەژمارەدا هاوتایی یەكدی دەكەن.
(چرا ـ سووتان)، (شەوگار ـ تاریك).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو وشانە لەجووتانەیەكدا، جووتدەبن و وەك زۆربەی هەرەزۆری دیاردە زیندووەكانی ژیانی زیندەوەران بەسەر رێسای جووتبوونەوە دەگیرسێنەوە.

چرا + سووتان، تاریكی + شەوگار.

لەهەمان كاتیشدا، حاسڵی جووتانەی ئەو وشانە دەبێتە دژێنەیەكی بەدیارو شەرێكی تاهەتایی لەپانتایی گەردووندا دەنێتەوە. شەری (نوور دژی تاریكی، شەری ئەهریمەن دژی ئەهوورامەزدا، شەری چاكە دژی خراپە، شەری هیدایەت دژی گومرایی، شەری چاكە دژی خراپە).

ئەم شەرە بەتایبەت لەباوەری كلتووری كەونارای كورداندا رەنگی خەستی داوەتەوە، خاوەن رێبازو رێچكەیە.

بەڵام بایەخە ئەدەبییەكەی هێشووچنیی ئەو چوار وشەیە لەوەدایە كە دەنگاژەكان

پێچێك لەدەنگاژۆكان ئەدەن و واتاكە بەرەو ڕەهەندێكیتر ڕاپێچدەكەن. ڕەهەندێك كە پڕ ئەگەرو ئاخۆیە، ئەمەش بۆ ئەو گەمە زمانییە دەگەڕێتەوە كە لای شاعیر دەستەمۆیەو توانیویە بەتێكدانی ڕەوتی ئاسایی و عادەت پێكراوی زمان، دونیا ناسراو و دەستەمۆكان، بڕوخێنێت و واتاكانیان بگۆڕێت.

لەدۆخی ئاساییدا، سووتانی (چرا) بۆ وەستانەوە بەرامبەر بەتاریكی و شەبەنگ خستنەنێو شەوگار، بەڵام لەم دیمەنە ئەدەبییەدا، دیاردەكان چەواشە دەبنەوەو ڕەوتەكە پێچەوانە دەبێتەوە، (چرا) دەسووتێت، بەڵام تاریكتر لەشەوگار دەسووتێت!.

بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی و باو، سووتانی شەوگار، داهێنانێكی دەگمەنە، بەڵام ئاكامی سووتانەكەی نوورێكی تاریكە. (دووبارە دژێنەیەكی دیكە) یان بەجۆرێك دەكرێت بڵێین پارادۆكسێكی بەدیار. كەواتە شەوگار لەڕێی تاریكی (گومڕایی و ئەهریمەندا) دەسووتێت. كەچی لەم دونیایەدا، چراكانیش بەهەمان شێوە دەسووتێن.

ئاخۆ ئەم كۆپلە ئەدەبییە، هێمایەك بۆ ئەو دەنگانەی كە لەكۆمەڵگەی شاعیردا بەرزبوونەتەوە، نییە، لەڕوانگەی شاعیرەوە، شەوگار نەك تەنیا دەسووتێت، بەڵام ئاوسیش دەبێت. واتە كایەكردنێكی ئەدیبانە بەدیاردەی شەوگار.

شەوگار لەبێدەنگی دا ئاوس دەبوو
ژانی بەسپێدەوە دەكرت[٣]

لێرەش دووبارە دابەزاندنی وشەكان و ڕیزبەندكردنی واژەكان، خاوەن ڕەوتێكی شاعیرانەو بەرچاوە.

**شەوگار بێدەنگی. تاریكی**
**ئاوس زان**
**سپێدە ئاوات، ڕزگاری، ڕمانەوە**

ئاساییە ئەگەر شەوگار لەگەڵ خۆیدا، (بێدەنگی) تەداعی بكاتەوەو ببێتە هاوجووتی. هەروەها هەر ئاوسبوونێكیش (ژان) و گرفتێكی بەدواوەیەو دەبێتە هۆی بەدونیا هاتن و زان، بەڵام لێرەدا بایەخە ئەدەبییەكە لەوەدایە كە شەوگار لەوپەڕی خامۆشی و بێدەنگی، واتە بەدزییەوە كەڵدەگرێت و ئاوسدەبێت، كەچی ئەو ئاوسبوونە، ژانگرتنی بەدواوەیە، واتە شكاندنی بێدەنگی و ئاشكرابوون. ئاكامەكەش سپێدەیە، واتە هیواو ئاوات، واتە ڕزگاری.

لەكلتووری كوردیداو لەپەندێكی پێشیناندا هەیە، كە دەڵێت: (مانگا بەدزیەوە كەڵ دەگرێت، بەڵام بەئاشكرا دەزێت).

شاعیرە لەو دەربرینە ئەدەبییەدا ئەوپەڕی كەڵكی لەو پەندە وەرگرتووە، بەڵام شارەزایانە. نەك دووپاتكردنەوەیەكی زەق و ناقۆڵا.



لەو كۆپلەیەدا، ئاكام (سپێدە) دژی شەوگارە، واتە شەوگارێك كە كەڵدەگرێت و ئاوسدەبێت و پاش ژان و برین دەزێت، سپێدەیەك دێنێتە دونیاوە، واتە (شەڕی نێو خۆییەكانی تزوئانتی تز بۆ لەدایكبوونی سێنتز)، واتە پەروەردەكردنی (دژ) لەنێو گیانی خۆدا.

لەكلتووری ئەم دەقەدا سپێدە، نەك هەر لەدایكدەبێت، بەڵكو ئاگاكەرەوەشە. كەواتە لەخەوی بێخەبەری ڕادەچەنێت. ئەویش نەك بێ هۆ، بەڵكو بەجریوەی پۆلێك مەل و باڵندە.

**سپێدەیەك**
**لەجریوەی ئەو چۆلەكانە**
**وەخەبەر هات**
**فڕینیان لەبیركردبوو.[٤]**

جریوەی پۆلێك چۆلەكە، سپێدەیەك ڕادەچەنن و ئاگایدەكەنەوە، بەڵام سەرنج لەوەدا زوومدەبێت كە ئەو باڵندانەش بۆ خۆیان فڕینیان لەبیركردووە، واتە كپوكاس و خەواڵوو سەرخۆشن، خۆیان دۆڕاندووەو باوەڕیان بەهێزو توانی خۆیان نەماوە.

لەنێو كلتووری فارسەكاندا دەربڕینێك هەیە كە دەڵێت: (خفته را خفته چون كند بیدار).

واتە لەكوێ نووستوو، نووستوو ئاگادار دەكاتەوەو لەخەو هەڵیدەستێنێت. كەچی لەدەقی شیعری (چنار)دا، ئەو باڵندانە كە بۆخۆیان ئەركی سەرەكیی خۆیان فەراموشكردووە، دەبنە هۆی وەئاگاهاتنەوەی سپێدەیەك، پۆلێك خەواڵوو دەبنە ڕێنماو پێشەنگ. ئەمەش لەخۆیدا تارۆزێكە كە ئاوقەی كۆمەڵگەو ڕۆشنبیرو ڕێبەرانی سەردەم دەكرێتەوە.

شاعیر، لەو شوێنەشدا كە دەبێتە زاری هاواریی كۆمەڵگەكەی و دەیەوێت باس لەبەردەوامیی كارەسات و قەیرانە كۆمەڵایەتییەكانی بكات، بەدێڕێكی كورت، تەنیا بەدەسچنكردنی سێ وشە، هێندە خەست و قووڵ بانگەشەی ئەو باسەدەكات كە بەردەنگ دەخاتەنێو سەرەگێژەیەكی مەندو پڕ لەهاوخەمی و پرسیار.

**فرمێسكەكان لەچاوانمدا پیربوون[٥]**
**فرمێسك ــ چاو ــ پیر**

تەنیا سێ وشە بۆ نواندنەوەی دونیایەك كارەسات و خەم، باسكردن لەبەزەبرو زەنگی كارەساتەكان و لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبوون و نەبڕانەوەیان، كە دەڵێت فرمێسكەكان لەچاوانمدا پیربوون، واتە شیوەنێك كە سەردەمی منداڵی و نۆلاوی و هەرزەكاری و میانساڵی تێپەڕكردووەو بەسەردەمی پیری گەیشتووە. كەواتە لەسەردەمی (زان) تا

نیزیك بەمەرگ بەردەوامە، ئەمەش هێمایەكی دیكەیە بۆ ئەو قەدەرەی كە ئاوقەی گەلەكەی بووەتەوەو چارەنووسێك كە بەسەریدا داسەپیوەو چ مەودایەك بۆ تەكان و بەزاندنی بازنەكانی، بەرچاو ناكەون.

(چاو)، كە پڕ دەبێت لەفرمێسك، واتە تێكچوونی سەرچاوەی نیگاو بینین. ئەو نیگایەی كە هێندە مەئیوسەو چ حەزو ئاواتێكی چاو نەكردووە، وەك قەیرەیەكە كە بەردەوام چاو لەبەختە، بەڵام بەختیش خەواڵوەو نادیار.

**نیگام**
**قەیرەیەكی تەڕپۆشە**
**لەبەردەم**
**دەروازەكانی قەدەردا**
**بەماتی هاتوچۆ دەكات.**(٦)

كەواتە ئەو قەیرەیە هێندە چاوی لەبەختە كەفرمێسك لەچاوی زاگەو تەمەنی بەرەو مەرگ نیزیكتر بووەتەوە.

ئەمەش ئاماژەیە بەو دونیا پڕ لەبێهیوایەی كەبەسەر زەینی جەماوەرو كۆمەڵگەدا داسەپیوەو چ دەروازەو دەرەتانێك ئەرا پەلەقاژەو رزگاربوون بەدیارناكەوێت.

شاعیر بەجاران ئاماژە بەو دونیایە دەكات:

**ئێمە زەمەنێكی ونین**(٧)
**قەدەر پێمان پێدەكەنێ**(٨)
**چیمان لەباران بەدەستكەوت**(٩)
**لەمەملەكەتێكەوە هاتووین**
**بێناونیشان لەجوغرافیای بووندا**(١٠)

هەر ئەوەیە كە شاعیر لەخۆی بێزار دەبێت و بەشوێن منێكی ئەو پەرمنەوەیە كە بەدەر لەخۆی و دونیا ئاڵۆزەكەی چاو لەچارەنووسی بكات و بیخوێنێتەوە. تەنانەت باس لەو خەمانەش دەكات كە لەو دیوی خۆیەوە، بەسەریەوە باڵا دەكەن:

**منێك**
**لەو دیوی منەوە**
**تێم دەڕوانێ**
**خەمێك**
**لەودیوی منەوە**
**باڵا دەكا**(١١)
**ئاسمان**



**بەهەمیشەیی ساماڵە**
**گەر تاریكی**
**بارگە**
**بەئەستێرەكان نەپێچێتەوە.**(١٢)

ئاسمان، ئەو بوونەیە كە شاعیر بەجاران چاوی تێبڕیوەو زۆر هیواو گوزارەی و جوودی خۆی تێدا شوێن دۆزیكردووە. بگرە لای شاعیریش، وەك باڵایەكی بەرزو خۆدان هەموو شت لێكدرابێتەوە. هەر بۆیە دەكرێت بەخشەندەی فەرو بەرەكەت بێت یان رق و غەزەب. دەتوانێت ببێتەهۆی ژیان و نوور، ئەگەر بەربەستەكان و هۆكارگەلی دژ بەبوون لەمپەر لەبەردەمیدا سازنەكەن.

لەم كۆپلەیەشدا، شاعیر ئاسمان بەساماڵ دەخوێنێتەوە ئەگەر تەگەرەیەك لەمپەری بەسەر رێوە بۆ نەنێتەوە، بەڵام لەم راڤەیەدا، ساماڵیی ئاسمان بۆ هەبوونی ئەستێرەكان دەگەڕێتەوە. گومانی شاعیر لەتاریكییە كە لەوانەیە بارگە بەو ئەستێرانە بپێچێتەوە.

لێرەدا ئەوە ئەستێرەكانن كە دەبنە هێمای ساماڵیی ئاسمان، نەك خودی ساماڵییەكە. هەرچەند لەرەوتی سروشتیدا، ئەستێرەكان لەتاریكیدا بوون دەگرن و دەبریسكێنەوە، بەڵام شاعیر لەدونیایەكی فەنتازیداو لەگەمەیەكی خوڵقێنەرانەدا، تاریكی وەك هێمای مەرگ و فەنای ئەستێرەكان دەخوێنێتەوەو قاوی دەدات. ئەمەش بوونێكی تایبەت و قووڵە كە لەروانگەی كۆنی یۆنانییەكانەوە زۆر نزیكە. واتە لەواتابەخشی بە(فۆزیس) لەبەرامبەر (ناتۆرا)دا. واتە بەگژاچوونەوەی واتای سروشتی سروشت لەپێناوی گەیشتن بەقوولایی بوونی راستەقینە (حقیقی).

روانینی یۆنانییەكانی كەونارا بۆ (بوون) وەك سەرچاوە بوو. ئەوان بەبوونیان دەوت: (فۆزیس). ئەم واژەیە لەسەدە ناوەندییەكانداو لەلایەن ئەوروپییەكانەوە گۆڕدرا بۆ (ناتورا). ناتورا، وەك بوونی تەبیعی (سروشتی) وایە. واتە بوونێكی ماوەیی. لەماوەیەكدا دێتە دونیای بوون. ماوەیەك هەیەو پاشان تەواو دەبێت، بەڵام فۆزیس بوونێكی قووڵ و هەمیشەییە. كاتێك یۆنانییەكان دەیانوت: درەخت، ئاو، بەرد، خۆر، حەیوان... ئەو زاراوەیە هەمیشەیی بوو. سەرچاوە بوو. لەگەڵ درەختێكی تاكدا كە سەوز دەبێت و پاشان وشك دەبێت، تۆفیری زۆر بوو(١٣)).

وردبوونەوە لەو وشەو دەستەواژگەلە كە لەلایەن شاعیرەوەو لەم دەقەدا بۆ راڤەو گوزارەییبوون دابەزیوون، لەوەها بوونیكی قووڵ و نەوعییەوە سەرچاوە دەگرن.

لێرەش چەند وشەیەك لەخۆیاندا بەهێمان وەك:

ئاسمان: باڵایی، بەخشەندەیی، خێوبوون.

ساماڵ: پاكی، سەلامەتی، ژیان.

ئەستێرە: هیوا، دەنگە باڵاکانی نێوکۆمەڵ، هەڵکەوتەکان.

تایبەتی شیعرو شێوازی شاعیر، لەم کۆپلەیەشدا دووپاتدەبێتەوە. ئەویش پێچدان لەرەوت و ئاوەژووکردنەوەی واتا ئاساییەکانە بەشێوازی ئەدەبی و لەگۆرەپانی وشەکاندا.

دیارە لەرەوتێکی ئاساییدا، ئاسمان بەساماڵبوونەوە زۆر جوانترە. ئەستێرەکانی ئاسمانیش بەسەر سفرەی تاریکی و شەوگارەوە دەردەکەون و بوون دەگرن. واتە لەرۆژێکی هەتاویدا کە ئاسمان ساماڵ بێت چ ئەستێرەیەك بەدیار ناکەوێت. ئەوە شەوەزەنگی پڕتاریکە کە دەرفەت بەبریسکانەوەو خۆنوێنی ئەستێرەکان دەدات.

کەچی لەم راڤە ئەدەبییەدا، ساماڵبوونی ئاسمان بۆ هەبوونی ئەستێرەکان دەگەرێتەوە، ئەستێرەکانیش لەتاریکە شەوێکی ساماڵدا دەردەکەون، بەڵام تاریکی دەکەوێتەبەر توانج و رەخنە، کە گوایە بەبوونی خۆی ئەستێرەکان دەتارێنێت و ساماڵبوونی ئاسمان تێکدەدات. ئەمەش واتای دونیایەکی دیکەو ئاوەژووی دونیا ئاساییە سروشتییەکە دەردەبڕێت. واتە خەڵقی ئەدەبی. کردنە خاوەن بوونی دیاردەیەك کە لەواقیعی سروشتیدا بوونی نییەو تەنیا لەدونیای وشەکانی شیعردا بووندەگرێت. ئەمەش خوڵقاندێکە کە لەگەمەیەکی زمانیداو لەدەقێکی ئەدەبیدا دێتە بوونگرتن.

کەڵك وەرگرتن لەباویلکەکانی کلتووری کوردی لەو تایبەتیانەن کە لای شاعیر دەستەمۆکراون و وەك ئامراز بۆ بیناکردنی تەلاری شیعر بەخزمەتگیراون:

**نەنکم**

**بەپەنجە چرچەکانی**

**تەمەنی خۆی دەرێسا**[١٤]

تەشیرستن ئەو پێشە کلتوورییەیە کە لەژیانی گوندنشینی و ئاژەڵداریی کوردەواریدا خودان بوونێکی بەگەرو بنەمایەکە بۆ چەپکێ پیشەی دەستی دیکە. ژنی هونەرمەندو بەبەهرەی کورد، چالاکانە بەوکارە هەستاوەو سەلیقەی بەخەرجداوە. ئەم باوە کلتوورییە بەجاران خزاوەتەنێو خەزانەی شیعری شاعیرانی کوردو لەدووتوێی دەقەکاندا جێگەی خۆی کردووەتەوە.

(مەولەوی تاوەگۆزی)ش دەڵێت:

**سەرلەتەرەی خەم خول ئاوەردەوە**

**تای گرژ مەینەت دووباد کەردەوە**

**موقەدەمەی خەم تاڵیی مەزاقەن**

**دەك وەخەیر نەیۆ واڎەی فیراقەن**[١٥]



هەروەها شیعری بەناو بانگی (شیرین تەشی دەرێسێ)ی ماموستا (وەفایی)، بۆ هەر هۆگرێکی ئەدەبی کوردی نامۆ نییە:

**تاێکی ریشەیی دڵ بەنووکی غەمزەدا دا**

**دەستێکی بۆ سەما برد رووبەندی ماهی لادا**

**نافەی گوڵی بەدەرکەوت عەتری بەدەم سەبا دا**

**باریك و لووس و نازك وەك زولفی خاوی بادا**

**وەك شاخی گوڵ بەلادا شیرین تەشی دەرێسێ**

....

**شیفای جەراحەتی دڵ تەشی نەبوو کەی رستی**

**شەش پەرەکەی کاکی خۆی پڕ ئاوو پڕ بەمەستی**

**هەتیوی کەللە شەق بوو بەداوی حیللە بەستی**

**لەتاوی هات و چۆدا بەلێوی غونچە گەستی**

**بەرۆح و دڵ بەقەسدی، شیرین تەشی دەرێسێ**[١٦]

ئەوەتا لای شاعیری دەقی بەرباسیش (کۆشیعر)، (تەشیرستن) دەبێتەوە بەئامراز بۆ بینایەکی شیعریی پاراو. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هێما بۆ واتایەکی چڕ. (پەنجەی چرچی نەنك)، (رستنی تەمەن).

نەنك نەوەکانی رابردوو، مێژوو

پەنجەی چرچ مەینەت و چەرمەسەری.

تەمەنرستن گەمە بەژیان و بوون. هەوڵدان بۆ بەردەوامی و مانەوە.

شاعیر لەو کۆپلە شیعریەدا جاری ئەو ژیانە پڕکەسەرو پڕمەینەتە دەدات کە نەوە لەدوای نەوە بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی گرتووەو بەسەر چارەنووسیدا داسەپیووە.

جاردانەکەش، لەگەڵ خۆیدا ئاوقەی جۆرە رەخنەیەك دەبێتەوەو ریسوا دەکرێت.

کۆبەستی زەینی شاعیران و ئەو ئەزموون و خوێندنەوەیە کەهەر کامەیان و بەپێی پەروەردەی زەین، لەسەر گوڵ و بۆ گوڵ هەیانە، بووەتەهۆ تا هەرکامەیان بەلەونێك گوزارە لەگوڵ بکەن و بۆ مەبەستی زەینی خۆیان بیکەنە ئامرازی جوانییەکان، نەك هەر گوڵ، بەڵکو باخچەو کێڵان و سەوزبوونەوەو رسکان، بەڵام هەندێك لەژنانی شاعیر لەم پێوەندەدا دەربڕینێکی ئەدەبیی جیاوازو نایەکجۆریان هەیە، کە هەرکام شیاوی خوێندنەوەی تایبەتە. بۆ نموونە ژنە شاعیری فارس (فورووغی فەرۆخزاد) دەستەکانی خۆی دەکاتە قەڵەمەی گوڵە رازێنەرەکان و دڵنیایە کە ئەگەر لەباخچەکەیاندا بیانکێڵێت سەوز دەبنەوە:

**دستهايم را درباغچه مى كارم**
**سبز خواهند شد**
**مى دانم مى دانم**

واته: دەستەكانم لەباخچەدا دەكێڵم، سەوز دەبن و دەرسكن، دڵنیام. دڵنیام.

كەواتە لای (فورووغ)، باخچە دایەن و پەروەرێنەرە، دەبێتە داڵدەو بووژێنەرەوەو ژیانبەخش.

بەڵام ئەم رەوتە، لای (چنار) خانم، شێوازێكی دیكەی پێوەدیارە.

لای ئەو، باخچە نەك هەر نابێتە دایەن بۆ پەروەردە، بەڵكو دەبێتە قەرتاڵی گوڵەكان و سەریان دەخوات.

**باڵندەیەك**
**لەخەویدا**
**باخچە،**
**سەری گوڵی دەبڕی**(١٧).

شاعیر لەهەمانەی بیرەوەرییە مێژووییەكانی گەلەكەیدا ئاگاداری ئەوەیە كە زۆر گوڵ لەنیشتمانەكەیدا لەلایەن دەستی خۆییەوە دڕندەژاكان و هەڵوەرین بەشەڕی براكوژی وخۆكوژی و...

هەر بۆیە ئەو، نەك هەر باخچە بەخەملێنەرو پەروەردەكەری گوڵ ناناسێت، بەڵكو لای وایە، باخچە (كۆمەڵگە) چ نرخێك بۆ گەشەو نەشەی گوڵەكان (چالاك و مافپەروەرو ولاتپارێزان) دانانێت و دەشبێتە قەرتاڵیان. هەربۆیە ئەو ئەزموونە تاڵە دەخاتە خەوی باڵندەیەك و ئاوقەی جەماوەرەكەی دەكاتەوە. بەئاواتی ئەوەی كۆمەڵگە بەخۆدا بێتەوەو چاكسازییەك لەكلتوورەكەیدا بكات. رەنگە مەبەست لەو باخچەیەش بنەماڵە، ماڵەباوان یان مێرد بێت، كە نرخی كچ و ژن نازانن و نەك تەنیا بۆ گەشەو نەشە یاریدەی نادەن، بەڵكو بەشێوازی جۆربەجۆر سەركۆنەو سەركوتیشی دەكەن و دەبنەهۆی كوێراندنەوەی تواناكانی. ئەمەش لەراستای ئەو باوەڕەی (ئانتوان چیخوف) دایە كە لای وایە: (ئەگەر دەتانەوێت كۆمەڵگە بۆ چاكسازیی لەكلتوورەكەیدا هانبدەن. كلتوورەكەی پێشانبدەنەوە).

(لوكاچ) وەك رەخنەگرێكی بەناوبانگ، بۆ هەر دەقێكی هونەری دوو تایبەتی سەرەكیی دەسنیشاندەكات:

یەكەم، ئەوەی كە دەرفەت و بارودۆخ و رووداوەكان، بەجۆرێك دارێژرابن كە هەر شتێك بەپێی چۆنایەتیی شپرزەیی، واتە بەپێی ئەزموونی كەسیی و كردەوەی تاكی مرۆڤ، بوونی گرتبێت و فامبكرێت. ئەمەش بۆ بەسەرهات و ئەزموونەكانی هەر تاكێك





دەگەڕێتەوە.

دووهەم، بەپێی گشتینەیەك كە تایبەت بەئەزموون و ژیانی مرۆڤ بەگشتییە. واتە گشتێنەیەك كە (شتەكان و رووداوەكان و پاڵەوانەكان) تەنیا بەشێك لەون.

ئەو كۆپلەیەو زۆر كۆپلەی تر لەدەقەكانی كۆشیعردا، بانگەشەی وەها خوولقانێك دەكەن. واتە تێكەڵاوییەك لەنێوان بەشێك لەئەزموونە تاكییەكان و ئەزموونە گشتییەكان بۆ بەرقەراركردنی رەوتێكی ئەدەبی و جوانكارییەكی هونەریی بەردەوام.

شاعیر، كە شاهیدی ئەو قڕانەیە كە باخچە بەسەر گوڵەكاندا هێناویەتی، پەردە لەسەر حەسرەتێكی پەنگاوەی دەروونی هەڵدەداتەوە:

**گوڵێك نییە**
**بیدەم لەیەخەی باغچەكەم**(١٨)

ئەڵبەت حەسرەتخواردن بۆگوڵێك، لە هەگبەی شاعیرانی دیكەی هاوچەرخی كوردیدا كەموێنە نییە.

كولسووم عوسمان پوور لەشیعرێكیدا ئاخێكی هەمان شێواز، هەرچەند رەنگە بەهێماو واتا گەلێكی جیاوازەوە هەڵدەكێشێت:

**هێزی قسێ هاژەو چەما**
**سەبا زانوو**
**خەمێ رەما**
**یانەقۆڵەو ئاوەدانوو ئارۆ سەبایم**
**هەر گوڵە وەنەوشێوەش كەما**(١٩).

(مەهاباد قەرەداغی)، وەك یەكێك لەژنانی شاعیری كورد، سەبارەت بەگوڵ و باخچە، گوزارەیەكی تایبەتی هەیە كە لەوێنە شیعرییەكانیدا دەیانخەملێنێت:

**گوڵاڵە سوورەیەك**
**لەسەر باخچەی سنگی باوكت رووا.**
**یان**
**لات بوومایە**
**گوڵەزامی باخچەی لەشتم دەچنیەوە**(٢٠)

لە(كۆشیعردا) شاعیر بەهەستێكی ناسكی ئافرەتانەوە، هەروا كە حەسرەت بۆ گوڵە سەربڕاوەكان دەخوات و ئاخ بۆ گوڵ دەخوازێت تا سینگی باخچەكەی پێ برازێنێتەوە، هەر وەهاش، حەزەكانی خەون بەجوانییەكانی سروشت و مرۆڤەوە دەبینن:

**با گوڵەکان**
**لەئامێزی ئارامیدا**
**ئۆقرەبگرن**
**هەنگ، لەشیلەی گوڵان بمژێ**
**تا پارسایە شەکەتەکان**
**لەسەر پوش و سووتەمەڕۆی شەڕگەکاندا**
**سووچێ بدەن**
**هەنگ لەشیلەی گوڵان بمژێ**
**منیش**
**گۆرانی لەدایکبوون**
**بڵێمەوە**[٢١]

ئەوپەڕی هەستناسکی ئافرەتانە بەدەم شیلەی عاتیفەو بەزەییەوە. لێرە، شیعر پڕ دەبێت لەئاوات و گۆرانییەکانی جوانی بۆ رازاندنەوەی ژیان. ژیانێکی پڕئارام و ئۆقرە بۆ حەوانەوەی گوڵەکان و رەخساندنی دۆخ و دەرفەت بۆ شیلەمژینی هەنگ. شاعیر لەو شیعرەدا، جوانییەکانی مرۆڤ و سروشت، پێکەوە دەبەستێتەوە. لای شاعیر، مرۆڤ و سروشت، دوو بوونەوەری هاوتەریبن کە بەجیا لەیەك، چ واتایەك نابەخشن و بوونیشیان لەدەستدەدەن. ئەمەش دونیایەك دەخاتەڕوو کە پڕە لەوەستانەوە دژ بەستەم و شەڕو بیابان، ئەو کارەساتەیە کە خەونی منداڵان دەڕووشێنێ:

**جەنگ**
**ئەوگاری زاڕوکەکان دەشێوێنێ**[٢٢]**.**

شاعیر، لای وایە لەگەرمەی شەڕگەکانیشدا، هەستی مروڤانی مرۆڤەکان هەر زیندووەو زۆرینەی جەنگاوەرەکانیش خەو بەئاشتییەوە دەبینن:

**سەربازێکیش**
**گوێی بۆ رادیۆکە رادەگرت**
**جاڕی کۆتایی جەنگ دەدا**[٢٣]**.**

لێرەشدا دەبینین کە شەڕگەو سووتەمەڕۆو بێ ئۆقرەیی دەبێتە هەوێن بۆ هەژاندنی خەیاڵ و پەرداخبوونی دەقێك لەبوونی شیعردا.

مێژوونووسێکی ئەدەبی، بەناوی (فوسلێر) سەبارەت بە(دانتە) دەنووسێت: (زانست و هونەری جوان لەوانەیە بەکەشوهەواو خاکێکی بەبەهرەی ئابووری بۆ گەشەو نەشەو پێشکەوتن پێویستیان هەبێت، بەڵام نووسراوە خەیاڵییەکان، ئەو گوڵانەن کە زۆر جوان لەنێو تاشەبەردو یەخ و بەفرو کرێوەدا شکۆفا دەبن. مێژووی دەسەڵاتەکان و شەڕەکان



تا ئەو ئاستە بەسەریانەوە کاریگەر دەبن کە بتوانن خەیاڵ و تێربکەن و بیخەنە سۆو عاتیفەو هەستی خەڵکی بەرەو خۆیان راکێشن[٢٤]).

لەم شیعرانەشدا دەبینین کە ترس و دڵەڕاوکێ و بێ ئۆقرەیی نێو شەڕگەکان دەبێتە هەوێن بۆ تاسەو ئاواتی ئەو دونیا پڕ ئۆقرەو ئارامەی کە تێیدا گوڵەکان ئۆقرە بگرن، پاسارییەکان بحەسێنەوەو هەنگ لەشیلەی گوڵان بمژێت. واتە ئەوپەڕی خۆشەویستی و عشق.

باشترە هەر لەو رەهەندەدا ئاماژە بەبۆچوونێکی شاعیری ناوداری فەرەنسی (لۆیی ئاراگۆن) بکەین کە ساڵی ١٩١٨ ز، وەك یاریدەدەری پزشکی لەبەرەکانی شەڕ لەگەل ئاڵمانییەکاندا بەشداریکردوەو ئەڵێت:

(لەگەرمەی شەڕدا، گۆرانی ئاشقی و خۆشەویستیم دەچڕی تا عەشق و خۆشەویستی وەك هێماو سەرچەشنی هیواو باوەڕ بەوڵاتی خۆم پیشانبدەم[٢٥]).

هەڵپڕژێواندنی ئەو وشەو واژەگەڵەی کە لەلایەن شاعیرەوە بینای شیعرەکانیان پێ تەلارنراوە، لە خۆدا خودان چەپکێ تایبەتی بەرچاون و بوونەتەهۆی تەشکبەستنی شێوازێکی تایبەت بەخۆ. بەتایبەت ئەو وشانەی کە بەفراوانی لەلایەن شاعیرەوە کەڵکیان لێوەرگیراوە، تایبەت بەسروشتن. ئەمەش شۆڕبوونەوەی هەست و عاتیفەی شاعیر لەقووڵایی سروشت و دیمەنە جوانەکانی وڵاتە.

بیابان، خاك، کێڵگە، مێرگ، درەخت، بەفر، هەرەس.

هەور، باران، دەریا، ئاو، شەپۆل، شەونم.

گوڵ، زەعفەران، سێو، هەنار، هەڵووژە، توو، رێحانە، نارنج، یاسەمەن، لاولاو.

زەردەواڵە، پەپوولە، هەنگ، پاساری، چۆلەکە، کەناری، پەڕەسێلکە، کلاوکوڕە، کۆکۆختە، ماسی.

مانگ، ئەستێرە، سپێدە، سێبەر، ئاسمان، تاریکی، شەوگار.

رادەی ئەو وشانە کە تایبەت بەژیانی سەرقاڵی شارو لەدەستکردە پێشەسازییەکانن زۆر کەم توانیویانە بخزێنەنێو دونیا تایبەتەکەی (کۆشیعر)ەوە.

شووشەی شەراب، فوارە، مارادون، کات ژمێر، ئاسن، دادگا...

سەرنجدان بەشتەکانی دەوروبەرو گلێرکردنەوەیان لەهەمانەی زمانی و خیلقەتی ئەدەبیدا، کردنیان بەبەشێك لەجوانکاریی وڵاتی شیعر، ئەو توانە هونەرییەیە کە لەهەبوونی شاعیردا کۆبەستەو لەتاڤگەی دێرەکانەوە دەرژێتەنێو دەقەکان.

هەروەها شاعیر چەپکێ وشەی بەهەمانشێوازی ئەتنیکی دەڤەرەکانی هێناوەو دەستکاری لەهجەو زاراوەکەیانی نەکردوە:

یێژێ، ئەز، دوماهی، دەوارێ، واز، بێوەری، مرۆ، زەم، گل. لەحاڵێکدا کە هاوتا

باوەكەیان لەزمانی باوی بەنووسراو كراوی سۆرانیدا دەبێتە: دەڵێت، من، دوایی، دەبارێت، كراوە، ئاوەڵا، مرۆڤ، لۆمە، گلەیی، ناردن، تلێركردنەوەو...

دابەزاندنی هەندێك پێكهاتەی جوان كە بەشێكی زۆریان تایبەت بەخۆن. هەربۆیە جێگەی ئاماژە پێكردنن وەك:

گوڵەژان، ژەهرە هەنگوین، لاولاوانە، هەنجیرە تاڵەكانی ئەوین، پرچی شەپۆل، شانەی بێداری، كچێنەی روح، جۆگەلەی ژان، كیشوەری برین، سێبەری نووستوو، پەموە بەفری موحیبەت، رەژووی رۆح، رەژووی دڵ، شانەی خەم، هەناسەی بەفر، ئاوێنەی تەڵخ، شەونمی خەم، ئینجانەی خەیاڵ، رۆحی ئاو، سێبەری رۆژ، شانەی حەز، هێشوە خەندە، رۆحی شەو، سپێدەی خەواڵوو، چاوشاركێی ئەوین، دیوارەكانی خەم، خەڵوەتگەی قەدەر، بەفری گەرم و...

دەبینین شاعیر لەو شتانەی كە لەدەوروبەریدان، ئەوپەری سوودوەردەگرێت بۆ بیناكردنی پێكهات و دەستەواژە، بەوانیش تەلاری قەشەنگی ئەدەبی بنیاددەنێت. لای هەندێك لەزانانیان، شتەكانی دەوروبەر، خالەقی ئەو وشەگەلەن كە مرۆڤ لەو رەهەندەوە دەیانگرێت.

بۆ وێنە، زانای ناودار، (وردزورس) ئەڵێت:

(شتەكان دەبنە خالەقی وشەو زمانیش گلێرەی ئەو وشانەیە كە مرۆڤ لەشتەكانی دەوروبەری دەگرێت. بەجەختیشەوە دەروانێتە شتە سروشتییەكان. وەك: دارو كێوو گوڵ و... كە دەبنە هۆی رسكان و تەشكبەستی زمانێكی پەرداخ).

شاعیرانی كوردیش لەم رەهەندەوە كاری زۆریانكردوەو زۆربەیان هەمانەیان پڕە. شاعیری ئەم دەقەش یەك لەو دەنگانەیە كە لەشتەكان و دیاردەكانی نێو كۆمەڵگەو سروشتی زێدەكەی سوودی زۆری بردوە.

شاعیر لەهەندێك شوێندا هەوڵی داوە زاراوە كلتوورییەكانی نێو جڤات بۆ پانتایی ئەدەب بگوازێتەوەو بیانكاتە ئامراز. ئەڵبەت بەشێوازێكی تایبەت بەخۆ كە جێگەی سەرنجپێدانە:

خوا دەس بەبالاتەوە بگرێت[٢٦]

لەزاراوەی كلتووریی نێو جڤاتدا رۆژانە، بەجاران دووپاتدەبێتەوە كە خوا دەس بەعومرتەوە بگرێت. شاعیر بەجێگۆڕكێكردن بەوشەكانی (عومر)و (بالا)، توانیویەتی بەدەستكاریكردنی ئەو زاراوەیە بگاتە ئامراز بۆ جوانكارییەكانی.

خوا سەبووری خەمتدا[٢٧].

كەتایبەتە بەزاراوەی شیوەن لەكلتووری كوردیدا. ئاراستەی ئەو كەسانە دەكرێتەوە كە پرِكەسەرن و ئازیزیان لەدەسداوە.



نەنكم تەمەنی خۆی دەڕێسێ:

بەجێگۆڕكێكردن بەوشەكانی (تەمەن)و (تەشی) ئەو داهێنانە ئەدەبییە هاتووەتە ئاراوە.

بەئێرەییكردنی ئوستوورە بیانییەكان.

ریسەكەم مەكەنە خوری[٢٨]

ئەمەش یەك لەقسە نەستەقەكانی سەر زاری ئاپۆرەی جەماوەرەو لەكلتووردا رەنگی خەستی داوەتەوە. مەبەست بەخەساردان و وێرانكردنی حاسڵی هەوڵ و ماندووبوون و كۆششە. واتە بەفیڕۆدانی دەستكەت و دەرەنجامەكان. بردنەوەی هەموو شت بۆ خاڵی دەسپێك و سەرەتا.

گوڵەگەنمی خەمەكانم، خەرمانەی دا[٢٩]

(خەرمانەدان) دەستەواژەیەكی نێو كلتوورەو ئاماژە بەپێگەییوی و جوانخاسبوون و كامڵبوون دەكات. دیارە لەزاری جڤاتدا، پتر بۆ (مانگ) بەكار دەبرێت. كە دەوترێت (مانگ خەرمانەی داوە) مەبەست ئەوەیە كە مانگ بەلووتكەی گەشەی و پڕی و پڕنووری گەییشتوە. واتە لەشەوی چواردەدایە.

لەگۆرانی فۆلكلۆرییشدا هەیە كە دەچڕێت:

**خەرمانەی داوە وەك خەرمانەی گۆڵ**

**هەندێ بالا بەرز، هەندێ بالا كوڵ**

لەم دەقەشدا زۆر جوان كەڵك لەو سامانە كلتوورییە وەرگیراوەو توانراوە بەیاریدەی ئەو ئامرازە، دەقێكی ئەدەبی برازێنرێتەوە.

(ئەفسانەی سیزیف)، بۆ هۆگرانی ئەدەب و ئوستوورە، غەریب نییە. باس لەهەوڵێكی چرو بەردەوامی بێئاكام دەكات.

شاعیر لەزۆر شوێندا هەوڵدەدات بەزمانی ئەدەب، هەوڵ و بزاڤی ئازادیخوازانەی گەلەكەی بەو بەسەرهاتە بشوبهێنێ، بەڵام لەم كۆپلەیەدا زۆر جوان توانیویە ئەو ئوستوورەیە بەئێرەیی بكات.

**جەستەم**

**ماندووترە لەو نالیەی**

**هەرچەند دەڕوات**

**ناگاتەوە شارەزوور وحەبیبەكەی[٣٠].**

لێرە باس لەبزاڤێكی ماندوو، بەڵام بەردەوام و ناوێرسە كە لەپێناوی عەشق و خاكدا، ئەكتیڤە. بزاڤێكی بێئاكام و پڕماندوو. لێرە هێماكان بەئێرەیی دەكرێن. پاڵەوان دەبێتە (نالی) هێمای رۆحی ئەدەبی لقی سۆرانییە. بزاڤەكەش لەپێناوی شارەزوور (وڵات و

زێد)و حەبیبە (عەشق و خۆشەویستی)دایە.

جوانکاریی ئەدەبی: (کۆکردنەوەی دژێنەکان)

**ژیان پشکۆیەکی سادە**
**لەهەناوی تۆپەڵە بەفرێکی گەرمدا**
**هەڵکورماوە**[٣١]

هێنانی (تۆپەڵە بەفری گەرم) لەخۆیدا کۆکردنەوەی دژێنەیەکە. ژیان، ژانێکی سارد دەخزێتە نێو هەناویەوەو هەڵدەکورمێت. ئەویش لەهەناوی تۆپەڵە بەفرێکیی گەرمدا! دیمەنێکی ئەدەبیی جوان و پرجوولەو پڕ پرسیارە، چونکە (بەفر) لەخۆیدا هێمای ساردییەو لێرە بووەتە تۆپەڵەیەکی گەرم. ژیانیش لەهەناویدا هەڵکورماوە. واتە ساردییەتی. لەحاڵێکدا نەدەبوو ژیان لەشوێنی گەرمدا سەرمای بێت!!

**ژیان شەرابێکە**
**تاڵتر لەپێکەنین**[٣٢]

ئەوەی کە ژیان وەك شەراب، هەم راکێشەر بێت و هەمیش سەرمەست و بێهۆشکەر، ئاماژەیەکی جوانە، بەڵام کاتێك تاڵتر لەپێکەنین دەبێت، خوێنەر ناچار بەتێرامان دەکات، چونکە خەندەو پێکەنین هێمای شادی و شیرینین. ئەمەش کۆکردنەوەی دژێنەکانەو تەنانەت دەکرێت وەك پارادۆکسێکیش ناو ببرێت.

**نیگەرانی دەمخواتەوە**
**یادگارە تاڵ و شیرینەکانم**
**دەمێك سوێرو**
**دەمێکی دی مزر دەبن**[٣٣]

یادگارەکان، لەپێشدا تامی تاڵی و شیرینی دەدەن. واتە خۆش و ناخۆشن، بەڵام لەپڕ تامەکان دەگۆڕێن و تاڵی و شیرینیەکە، بۆ خۆشیان تامی سوێری و مزری ئەدەن. ئەمەش کۆکردنەوەی دژێنەی تامەکانە کە من هاو شێوەیم لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا نەدیوە.

**کچی شیعر**
**کەزی سپی**
**شەوی یەڵدای زستانەکان**
**شانە دەکات**[٣٤]

(شەوی یەڵدا) لەخۆیدا درێژترین شەوی ساڵەو ئاماژە بەتاریکی بەردەوام دەکات، کەچی لەو تاریکستانەدا، کچی شیعر (کەزی سپی) شانە دەکات. واتە کەزی سپی، شەوی تاریك. کە ئەمەش دیمەنێکی ئەدەبییەو تەنیا لەکچی شیعر دەوەشێتەوە کە ئاوەها دژێنەکان کۆبکاتەوە...



## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


(١)جامعە شناسی زوق ادبی، لووین.ل. شوکینگ، ترجمە: دکتر فریدون بدرەای،ص: ٢٠٤.
(٢)کۆ شیعر، لاپەرە ١٠.
(٣)کۆ شیعر، لاپەرە:٥٤.
(٤)کۆ شیعر، لاپەرە:٥٣.
(٥)کۆ شیعر، لاپەرە:٣٥.
(٦)کۆ شیعر، لاپەرە:٣٥.
(٧)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٣٧.
(٨)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٤٣.
(٩)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٤٠.
(١٠)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٤٩-٥٠.
(١١)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٨٤.
(١٢)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٩٨.
(١٣)هایدگر و شاعیران، ترجمە: عبدالعلی دستغیب، ص: ١٤.
(١٤)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٨٧.
(١٥)دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی؛ کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس-بەغدا ١٩٦١، لاپەرە: ٢١٤.
(١٦)دیوانی وەفایی، لێکۆڵینەوەی محەمەدعەلی قەرەداغی، چاپی دووەم، ١٩٨٤.
(١٧)کۆشیعر، لاپەرە: ٢٧.
(١٨)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ١٠٦.
(١٩)دەفتەرە شیعری گرێ، کولسووم عوسمانپوور، لاپەرە: ٤٨.
(٢٠)هاژەی رۆح، لاپەرەکانی: ٢٠١ و١٦.
(٢١)کۆشیعر، لاپەرە: ٢٣.
(٢٢)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٢٢.
(٢٣)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٢٢.
(٢٤)جامعە شناسی زوق ادبی، لووین.ل. شوکینگ، ترجمە: دکتر فریدون بدرە ای، ص: ٢١.
(٢٥)شعر فرانسە در سدە بیستم، ترجمە: محمد تقی غیاثی، ص: ٣٢٥.
(٢٦)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ١١٦.
(٢٧)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ١٦٧.
(٢٨)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ٨٧.
(٢٩)هەمان سەرچاوە ؛ لاپەرە: ١٥٠.
(٣٠)هەمان سەراوە ؛ لاپەرە: ٢٥.
(٣١)هەمان سەرچاوە، لاپەرە: ١٧.
(٣٢)هەمان سەرچاوە، لاپەرە: ٦٨.
(٣٣)هەمان سەرچاوە، لاپەرە: ٧٦.
(٣٤)هەمان سەرچاوە، لاپەرە: ١٧.

# مێژووی گۆڕانکارییە هونەرییـەکانی قۆناغی ڕێنیسانس



نوخشە عەبدول

گۆڕانکارییەکی گشتگیر لەقۆناغی ڕێنیسانسدا تەواوی ئەوروپای گرتەوە، ئەمەش دەرئەنجامی هەوڵە فیکری و عەقلانییەکانی سەدەی (١٤و١٥) بوو، کە لەسەدەی (١٦)دا گەیشتنە لوتکە. ئەو قۆناغە هیچ بەرهەمێکی مرۆیی نەبوو لەیادی بکات، گۆڕانکاریی جەوهەری سەرجەم پێکهاتەکانی گرتبۆوە. هونەریش یەکێك بوو لەو پێکهاتانەی گۆڕانی ریشەیی بەسەرداهات، ڕێنیسانس ناوەڕۆکێکی تری بەخشیە هونەر.

ئەم قۆناغە هونەری زیاتر ئاوێتەی ژیانی مرۆڤ کردو هونەر وەك بابەتێکی



مرۆیی لێی دەروانرا، لەو دۆخە دەرچوو تەنها کردەیەکی لەبەرگرتنەوەی میکانیکی بێت بۆ ئەو چوارچێوە دیاریکراوانەی کەنیسە دەیسەپاند، بەڵکو بووە گوزارشتێکی ئازاد لەبیری هونەرمەند. لەقۆناغی ڕێنیسانسدا هونەر بووە خاوەنی تایبەتمەندی، ئاشکراکردنی جوانی و بابەتی رۆحی و گوزارشتی تایبەت و ئەفراندن و داهێنان بوونە ئەرکی سەرەکی هونەر، مرۆڤ بووە چاوگەی سەرەکی بابەتە هونەریەکان، مەبەستی سەرەکی هونەرمەند ئەوە بوو بتوانێت لەرێگەی کارێکی هونەرییەوە (وێنەکێشان، پەیکەرتاشی) وێنەیەکی جوان پیشانبدات[١] بەو جۆرەی خۆی مەبەستیەتی. ئەمانەش تەواو پێچەوانەی قۆناغی پێشوبوون، بۆیە ناتوانین لەگۆڕانکاریەکانی قۆناغی ڕێنیسانس تێبگەین ئەگەر بەباشی روونکردنەوە بۆ هونەری سەدەکانی ناوەڕاست نەکەین. پێویستە پێش چوونە ناو وردەکاری گۆڕانکارییەکانی قۆناغی ڕێنیسانس هەڵوێستە لە سەر هونەری سەدەکانی ناوەراست بکەین ئەم قۆناغەش خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی هونەری خۆیەتی جیاواز لەقۆناغەکانی تر خۆی دەنوێنێت، باسکردنی جیاوازیەکان خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو قۆناغە دەردەخەن، روانینی شارەزایانی بواری هونەر بۆ ئەو قۆناغە بەهەرجۆرێك بێت (باش، خراپ) بابەتێکی جیاوازە، هەرچەندە زۆرینەیان کۆکن لەسەر ئەوەی سەدەکانی ناوەڕاست نەیتوانیوە قۆناغێکی پێشکەوتووبێت بۆ هونەر، لەگەڵ ئەمەشدا سەدەکانی ناوەڕاست قۆناغێك بووە هونەر پێیدا تێپەڕیوەو بێئەوەش ناتوانرێت باس لەمێژووی هونەر بکرێت، لەگەڵ باسکردنی رەوتی هونەری سەدەکانی ناوەڕاست زۆرجار باس لەگرفتەکانی هونەر دەکرێت بەجۆرێك کە ئەوانە بوونەتە رێگر لەبەردەم گەشەکردنی هونەر لەو قۆناغەدا، ئەوەی زیاتر جەختی لێدەکرێت هەیمەنەی کەنیسەیە لەو قۆناغەدا لێرەدا ناتوانین تەواوی پێکهاتە هونەرییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بخەینەڕوو، بەڵام بەپێویستی دەزانین باس لەهەیمەنەی کەنیسە بکەین، چونکە بەروونکردنەوەی ئەو بابەتە دەتوانین بەباشی جیاوازی سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی ڕێنیسانس ببینین:

### هە یمەنەی کەنیسە لەهونەری سەدەکانی ناوەراستدا :

دیارترین جیاوازی لەنێوان سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی رێنیسانس پێوەندکردنی هونەرە لەلایەن کەنیسە، هونەر یەکێکە لەو بابەتانەی بەرادەیەکی زۆر دیار ئەو جیاوازییە دەردەخات، بەو پێیەی هونەر دۆزینەوەو خستنەڕووی لایەنە نادیارو شاراوەکانی مرۆڤە. لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ تێیدا بیردەکاتەوەو رادەمێنێت لەهەرشتێك کە جێگەی بایەخیەتی[٢]، لەسەدەکانی ناوەڕاست هەژموونی کەنیسە بەسەر مرۆڤدا بەجۆرێك بوو دەبوو بیرکردنەوەی مرۆڤ (مەبەست لەوەی کە دەریدەبڕێت) لەچوارچێوەی کەنیسە دەرنەچوایە، ئەمە دەبووە رێگر لەهەر ئەفراندنێکی هونەری، چونکە هونەر بەرهەمی خەیاڵی ئازادە، بەڵام کەنیسە نەیدەهێشت هونەرمەند بەویستی خۆی خەیاڵی ئازادبکات لەداهێنانی هونەریدا.

پیاوانی ئایینی یاسایی تایبەتیان بۆ هونەر هەبوو، بەجۆرێك هونەر پێوەندکرابوو

ڕەنگ و هێڵکاریەکانیش دەبوو لەژێر ڕێنماییەکانی کەنیسەدا بووایە، پێویستبوو ڕۆحی ئایینی هاوپێچی ئاراستەی کارەکانیان بکەن، مەبەستی ئایینی پێش هەر شتێکی تر بوو لەهونەردا[٣]. هونەر نەیتوانی لەسەدەکانی ناوەڕاست پرشنگداربێت، چونکە هونەر داهێنان و جەستەیە، کەنیسە هەرگیز گرنگی بەجەستە نەداوە وەك هەبووێك، چ جای ڕێگەبدات بەکاربهێنرێت بۆ داهێنان، بۆیە هونەری سەدەکانی ناوەڕاست بەهونەری کەنیسە دەناسرێت، دەسەڵاتی کەنیسە وایکردبوو ئەو هونەرە نەتوانێت لەو شێوە باوە دەربچێت کە لەسەر بنەمای بیری کەنیسەو پاپاکان دانرابوون و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانە هونەر وێنا دەکرا، چەند بابەتێکی سادەبوون شێوەو ناوەڕۆکیان دووبارە دەبۆوە[٤].

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا شیعرو مۆسیقا بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنە ئایینیەکان بوو، وێنەکێشان و پەیکەرتاشی بۆ ڕازاندنەوەی کەنیسە بەکاردەهێنران[٥]. مەزنی هونەر کاتێك دەردەکەوت بۆ ڕازانەوەی کەنیسەکان و جوان پیشاندانی بیری ئایینی خوڵقابێت، هەموو داهێنانێك لەبواری تەلارسازیدا بۆ دروستکردنی کەنیسە گەورەکان بوو، بەمەبەستی پیشاندانی شکۆی ئایینی[٩]، هونەری مۆسیقا تەنها بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان پەسەند بوو، بەتایبەت بۆ بەڕێوەبردنی (شێوی ڕەبانی) لەلایەن گروپێك لەپیاوانی کەنیسە بەکار دەهێنرا، جگە لەمە بەهەموو شێوەیەك بێزراو ناپەسندبوو زۆرجار دەگەیشتە ئاستی یاساغبوون.

هونەری وێنەکێشان لەسەدەکانی ناوەڕاست بەجۆرێك پێوەند کرابوو ناوی هونەر لەخۆی ناگرێت، بەجۆرێك تەنها لەمەبەستی ئایینیدا کۆکرابۆوە، پێویست بوو هونەرمەند ڕۆحی ئایینی هاوپێچی ئاراستەی کارکردنی بکات، بەجۆرێك زەخرەفەکان شێوەیەکی دیاریکراویان وەرگرتبوو، نەك تەنها بابەتی وێنەکیشانەکە، بەڵکو چۆنیەتی کێشان و ڕەنگەکان دیاریکراوبوو، ئەمەش وەك یاسایەکی لیهاتبوو ئەگەر هونەرمەند یەکێك لەمانەی بیربکردایە یان پشت گوێی بخستایە بەلادەر لەئایین دادەنرا، زۆرینەی وێنەی ئەو قۆناغە کە لەبەر دەستدان بریتین لەوێنەی بێجوڵەی قەدیسەکان و مریەمی پاکیزە[٧]، ئامانجی وێنەکێشان گێڕانەوەی داستانێکی پیرۆز بوو، نەك بۆ پیشاندان و سەلماندنی خودی داستانەکەو ئەفراندنی هونەری (وەك دواتر لەقۆناغی ڕێنیسانسدا دەبینرێت)، بەڵکو تەنها بۆ پیشاندانی پەیامی داستانەکە بوو، بەو ئامانجەی ئەو داستانە بتوانێت ئارامی و پاکژی ببەخشێتە دڵ و دەرونی ئیمانداران[٨]، بەبێ ڕەچاوکردنی جوانی هونەری، ئەوەش زیاتر بریتیبوو لەچیرۆك و داستانی ژیانی مەسیح و مریەمی پاکیزەو قەدیسەکان. بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو ئەو وێنانەی دەکێشران و ئەو پەیکەرانەی دروستدەکران جەستەیان ڕووتبێت، چونکە کەلتوری کەنیسە بەهەموو شێوەیەك ئەوەی یاساغکردبوو، زۆربەی وێنەکانی ئەو قۆناغە لەکەشێکی تۆقێنەرو بابەتێکی نەویستراودا دەردەکەوتن[٩].

جێگەی سەرنجە بابەتی ئایینی بەویستی پیاوانی کەنیسە دەبووە کەرەسەی کارە هونەرییەکان، هونەرمەند بابەتە ئایینیەکانی لەپەیوەندی ڕۆحی نێوان خۆی



و ئایینەکەی نەدەکرد بەکارێکی هونەری، بەڵکو پێویست دەکرا لەسەری لەلایەن کەنیسەوە، بۆیە کەنیسە بە بەردەوامی چاودێری سەراپای کارە هونەریەکانی دەکرد، باڵادەستی کەنیسە گەیشتبووە ئاستێك هونەریان بەکاردەهێنا بۆ بیروباوەڕو پڕوپاگەندە ئەفسانە ئامێزەکانی خۆیان[١٠]، کە لەو قۆناغەدا بۆ ئایینی مەسیحیان دروستکردبوو. هونەر لەژێر سایەی کەنیسەو فەرمانی قەشەکاندا ئاراستەدەکرا، تا ئەو ئاستەی ئەوان ئارەزوویان دەکرد هونەر دەیتوانی ڕێبکات و بەهیچ شێوەیەك بۆی نەبوو لەو چوارچێوەیە دەربچێت کە لەلایەن ئەوانەوە دانراوە.

کەنیسە هەر بەقۆرغکردن و چاودێریکردنی هونەر نەوەستا، بەڵکو دەربارەی بەکارهێنانی ئایین وەك بابەتی هونەری دەستووری ڕادەگەیاند، ئەو دەستوورو یاسایانەش زیاتر لەویست و بەرژەوەندی قەشەو پیاوە ئایینیەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هونەر یەك ئاراستەو یەك چەشن بنوێنێت لەو قۆناغەدا[١١]، چونکە هیچ کارێکی هونەری پێچەوانەی ئەودەستورە نەدەهاتە بوون.

ڕەنگە ئەم بارودۆخە هونەرییە لەوەوە دروستبوبێت هونەرمەندیش وەك هەرتاکێکی دیکە لەکۆمەڵگەی ئەورووپیدا کەوتۆتە ژێر یاساو دەستورەکانی کەنیسەوە، لەو دەمەدا هیچ شتێك نەمابوو لەکۆمەڵگەدا کەنیسە هەقی بەسەریەوە نەبێت، پیاوانی ئایینی بیرێکی وایان چەسپاندبوو هەموو شتێك موڵکی خودایەو کەنیسە دەبێت خاوەنداریبکات، کەس بۆی نەبوو ئەو یاسایانە بشکێنێت کە لەلایەن ئەوانەوە دەسەپێنرا. بۆ هەر یاسا شکێنیەك توندترین سزا هەبوو، ئەمە بارێکی وای دروستکردبوو کۆمەڵگە بەتەواوی کۆنترۆڵکرابوو لەلایەن کەنیسەوەو کۆمەڵگەی ئەورووپی وەك کۆمەڵگەیەکی ئایینی دەردەکەوت. باڵادەستی ئایین وایکردبوو هونەرمەندان بیر لەخزمەتی خودا بکەنەوە لەڕێگەی هونەرەوە، کارە هونەریەکانیان ڕەنگدانەوەی جوانی و شکۆ و حەقیقەتی خودابوون[١٢]، هەر ئەمەش وایکردبوو هونەرمەند نەیدەتوانی ئەو دۆخە تێبپەڕێنیت تا ئەو قۆناغەی وردەوردە شۆڕشی ئایینی و ڕێنیسانس دەستیپێکرد.

بەجۆرە سەدەکانی ناوەڕاست شوێنێکی نەبوو هونەر وەك بابەتێکی مرۆیی تێیدا گەشە بکات، بەڵکو کەنیسە وەك تۆڕێك هونەری گرتبوو بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریدەهێنا، چونکە بەرهەمهێنانی هونەریی لەچوار چێوەی نەریتی کەنیسەدا لەخزمەتی ئامانجێکی تەواو دیاریکراودابوو، ئەمەوایدەکرد ئەوانەی لەوبوارەدا کاردەکەن زیاتر بەرەو داخران بچن لەبری نوێخوازی و داهێنان، ڕەوتی گۆڕان لەوەها شوێنێکدا سست و چەقبەستوو دەبێت[١٣]، بۆیە لەو قۆناغەدا هیچ گۆڕانێك بەرچاونەدەکەوت. هونەرمەند وەك هەرتاکێکی تر لەکۆمەڵگەدا ئازاد نەبوو لەبیرکردنەوەو ئەفراندنی کاری هونەریدا، بۆیە هونەر لەم قۆناغەدا نەیتوانی ببێتە خاوەنی حەقیقەتی هونەری خۆی و تایبەتمەندی ڕاستەقینەی هونەری پارێزراو نەبوو[١٤]، بەهۆی باڵادەستی کەنیسەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بێویژدانیە ئەگەر بوترێت هونەری سەدەکانی ناوەڕاست هیچ بەهایەکی بۆ مێژووی هونەر نییە، بەڵکو ئەو قۆناغە پێویستییەکی مێژوویی بوو کە قۆناغی ڕێنیسانسی بەدوای خۆیدا هێناو شکۆی هونەر لەوێدا دەرکەوت، لەڕاستیدا

سەدەکانی ناوەڕاست پاشماوەیەکی باشی لەوێنەو زەخرەفەو نیگار بەجێهێشتووە، بەڵام بێبەرییە لەدروستکردنی هونەرمەندی مەزن و بەناوبانگ، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا تاك لەسەدەکانی ناوەڕاستدا گرنگی پێنەدەدراو لەبۆتەی کۆمەڵگەدا توابۆوە[١٥]، بۆیە ئەو دۆخەی لەسەدەکانی ناوەڕاست هونەر هەیبووە پەیوەستە بەدۆخی کۆمەڵایەتی و ئایینی ئەو قۆناغەوە.

بەپێچەوانەوە قۆناغی ڕێنیسانس لەهەموو ئەو پێوەندانە دەربازبوو گۆڕانی جەوهەری بەسەر پێکهاتەو شێوەی هونەردا هات، بەجۆرێك هونەری ئەم قۆناغە بەباڵاترین قۆناغی هونەر دادەنرێت کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە ڕێنیسانس بەهیچ شێوەیەك ئەوەی قبوڵ نەبوو کە سەدەکانی ناوەڕاست بەرامبەر هونەر دەیانکرد، بەپێچەوانەوە ئەو چوونەی نوێیەی بەرامبەر هونەر هەبوو، کە پێیوابوو بەرهەمی هونەری دەوڵەمەندترو قوڵترە لەهەر کار(شت)ێکی تر بۆیە نابێت و ناتوانرێت لەژێر سایەو چوارچێوەی شتێکی تردا پیشان بدرێت[١٦]، ویستی سەرەکی ڕێنیسانس سەربەخۆیی هونەربوو، بۆیە ئەم قۆناغە هیچ لایەنێکی هونەری فەرامۆش نەکرد، هەموو تایبەتمەندیەکانی هونەری گرتەوە هەر لەهەڵبژاردنی بابەتەکان تا بەکارهێنانی جۆری ڕەنگ و چۆنیەتی شێوازەکان، هونەرمەند بەبیرێکی کراوەو دوور لەهەر ڕێگریەك ئازادبوو لەکێشانی هەر بابەتێك کە خەیاڵ و هەستی ئارەزووی دەکرد، هونەرمەند ئاراستە نەدەکرا، بەڵکو خۆی ئاراستەکانی هەڵدەبژارد بۆ کارە هونەریەکانی، هەموو ئەم گۆڕانانە لەپڕو بەخێرای ڕوویان نەدەدا، بەڵکو هونەر پێویستی بەچەند سەدەیەك بوو تا خۆی گەیاندە لووتکە.

جیاواز دەرکەوتنی گەشەسەندنەکان وایکردووە دیاریکردنی سەرەتای قۆناغ ڕێنیسانس لای مێژوونووسان و شارەزایانی بواری هونەر بەتەواوی جێگیرنەبێت، هەندێکیان سەرهەڵدانی ئەو قۆناغە دەبەنەوە بۆ سەدەی(١٤)، چونکە لەم سەدەیەوە کارە جیاوازەکانی هونەرمەندان دەردەکەوێت بەتایبەت لەخواروی ئیتاڵیا، لای هەندێکیشیان لەسەدەی(١٥)دا دەست پێدەکات و لە سەدەی (١٦)دا دەگاتە لووتکە[١٧] بەشی زۆریان ئەمە بەڕاستر دەزانن، چونکە ئەم سەدەی (١٥)یە لێشاوی گۆڕانکاری و داهێنانەکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و سەدەی (١٦)گەیشتنە بەلوتکە لەداهێنانە هونەریەکاندا. بەو پێیەی گۆڕانکارییەکانی سەدەی (١٤) بایەخدارن و کاری هونەری تەواو جیاوازی تێدا دەردەکەوێت، شارەزایان نایانەوێت هونەری سەدەی(١٤) وەك هونەری سەدەکانی ناوەڕاست سەیرکەن بۆیە ئەم دابەشبونەیان بۆ مێژووی هونەری قۆناغی ڕێنیسانسکردوە: قۆناغی سەرەتا ساڵانی(١٣٠٠-١٤٢٠)، قۆناغی ناوەند (١٤٢٠- ١٥٠٠)، قۆناغی کۆتایی (لوتکە)(١٥٠٠- ١٥٢٧) [١٨]، ئەم پۆلێنەش زیاتر لەژێر کاریگەری گۆڕانکاریەکاندا کراوە.

بەوپێیەی گۆڕانکارییە هونەریەکان بڕیار لەسەر دەستپێکردنی ئەو قۆناغەدەدەن کارە هونەرییە جیاوازەکانی بەهای هونەری ئەو قۆناغە پیشاندەدەن و جیایدەکەنەوە لەقۆناغی پێش خۆی، لەکۆتایی سەدەی (١٣)وە وردەوردە کاری هونەری جیاواز دەرکەت، لەسەدەی (١٤)دا گۆڕانکارییەکان سەریانهەڵداو لەگەشەسەندنابوون،



لەسەدەی (١٥)دا تەواو برەویان سەند، بەجۆرێك لەم سەدەیەدا هیچ شوێنەوارێکی هونەری سەدەکانی ناوەڕاست بەدی نەدەکرا. هونەر لەم قۆناغدا ئازادتر دەردەکەوت، هەیمەنەی ئایینی لەهونەر دورخرایەوە، نزیککردنەوەی هونەر لەبابەتە دنیایەکان، دەرخستنی جوانی روخسارو جەستەی مرۆڤ و سروشت[١٩] بوونە بابەتی سەرەکی کارە هونەرییەکان. واتای نوێ و گشتگیر بۆ هونەر دروستبوو بەرهەمی هونەری مەزن ئەفرێنران، ئەم قۆناغە داهێنەرو داهێنانی هونەری بێوێنەی بەخۆوەدی[٢٠]. لێرەوە هونەر بریتی بوو لەمرۆڤ، مرۆڤیش خوڵقێنەری هونەر بوو بەجۆرێك خەیاڵ و واقیع و ڕۆح و هزرو داهێنانی لەهونەردا کۆدەکردەوە جگەلە باڵادەستی مرۆڤ، ڕەچاوی هیچ یاساو ڕێسایەکی نەدەکردو خۆی پێوە پابەندنەدەکردن.

ڕێنسانس بزووتنەوەیەك بوو کاریگەری کەلتوری کلاسیکی لەسەربوو، تادەهات زیاتر جەختی لەخواستی بەکلاسیکبوونی دەکردەوە، توانی (تەقالیدە) پیرۆزەکان ببەزێنێت و بیرو هەستی نوێ بێنێتە ئاراوە بەتایبەت (خۆشەویستی و خۆشویستنی جیهان)، گرنگیدان بەویست و ئارەزوەکانی مرۆڤ. هونەری قۆناغەکانی پێشتر بەتایبەت هونەری گوتی(غوتی) ڕەتکرایەوە(شۆڕش لەدژی بەرپاکرا) هونەری کلاسیك برەوی سەند، ئەم دۆخە سەرەتا لەئیتالیاو پاشان لەوڵاتانی تر هاتە ئاراوە[٢١]. سەرجەم شارەکانی ئیتاڵیا ڕۆڵی کارایان هەبوو لەپێشخستنی هونەردا، جگەلەوەی ناوەندی ژیانی هونەریی بوون، چەند هۆیەك وایکردبوو ئیتالیا ببێتە یەکەم ناوەندی ڕێنیسانس فەرمانڕەوای شارەکان ئەگەر بەڕووکەشیش بووبێت پشتگیری هونەرو هونەرمەندانیان دەکردو شانازییان بە بەرهەمە هونەرییەکانەوە دەکرد. شاری ڕۆما خاوەنی کەلتوورێکی دەوڵەمەندبوو لەپاشماوە هونەرییە دێرینەکان، ئەمە بووە چاوگەی بەهرەی هونەرمەندان، جگەلەوەی جوانیویستی لای دانیشتووانی ئیتاڵیا هەر لەسەرەتاکانی ڕێنیسانسەوە سەریهەڵداو بەسەر دۆخی ئایینیدا زاڵبوو، تەنانەت پاپاکانیش دەیانویست کەنیسەکان بەجوانترین شێوە بڕازێنرێنەوە، ئەمەوایکرد هەندێك لەپاپاکان بەتایبەت (پاپا جولی و پاپا لیۆی دەیەم) پشتگیری تەواویان لەو نوێخوازیە دەکرد کە هونەرمەندان هێنابوویانە ئاراوە[٢٢].

## تایبەتمەندییەکانی هونەری ڕێنیسانس:

هونەری ڕێنیسانس خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە بۆتە بنەمای جەوهەری بۆ سەرجەم گۆڕانکاریەکان، هەر ئەم تایبەتمەندیەش لەقۆناغی پێش خۆی جیادەکاتەوە، لەڕووی ناوەڕۆکەوە هونەر بەر لەهەموو شتێك پێکهاتەیەکی مرۆیی وەرگرت، مرۆڤ بووە بابەتی سەرەکی کارە هونەرییەکان گرنگی دەدرا بەڕۆح و جەستەو هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤ، هونەرمەند هەوڵیدەدا لەڕێگەی ڕەنگەوە ناخی مرۆڤ بنووسێتەوەو بەئاوازەکان گوزارشت لەڕۆحی مرۆڤ بکات و خواستە چەپێنراوەکانی لەپەیکەرێکی ڕەهادا بەدیبێنێت و زامەکانی بەسەما بگێڕتەوە.

گرنگیدان بەمرۆڤ، هونەرمەندانی والێکرد بەوردی خوێندنەوە بۆ بەشە جیاوازەکانی

رووخساری مرۆڤ بکەن و تایبەتمەندی هەر بەشێکی بەباشی فێربن، تا ئەو رووخسارانەی دەیکێشن سیفاتی ئایدیالستیان هەبێت، هونەرمەند ئایدیاو مەبەستی خۆی لەو رووخسارانەدا بەیاندەکرد کە دەیکێشان، بۆیە وێناکردنی رووخسارێك تەنها لەبەرگرتنەوەیەکی پەتی ئەوکەسە نەبووە کە وێنەی دەکێشرا.

جەستەی مرۆڤ لای هونەرمەندانی رێنیسانس گرنگی زۆری پێدەدرا، جەستە تامەزرۆییەکانی رۆحی دەنواند، لەم بارەیەوە ئەلبێرتی وتویەتی: رۆح هۆ یاخود پێگەیە بۆ جوڵە(بزاوتن)، جوڵەی جەستە زمانی رۆحە، ئەم بیرە وایکردبوو کە جوڵەی سەمائامێز لەکارە هونەریەکانی رێنیسانسدا برەوبسەنێت، لەسەدەی (١٥) بەدواوە هونەرمەندان زۆرینەی پەیکەرەکانیان بەو چەشنە دەتاشی، پێیانوابوو ئەوە سروشتی جەستەی مرۆڤە[٢٣].

ئەم قۆناغە پەیکەری مرۆڤی پیرۆز دەکرد، بەپێچەوانەی قۆناغی پێش خۆی کە هونەر لەخزمەتی پیرۆزیەکاندابوو، هونەرمەندانی رێنیسانس پێیانوابوو کاتێك پەیکەرێکی باش بەدەستدێت، لەجەستەی مرۆڤ زیاتر نزیکبێت بۆیە هەوڵیاندەدا ئەو پەنهانیانە پەیپێبەرن کە بۆ ئەندازەگیری تەواوی پەیکەری مرۆڤ پێویستە[٢٤]، هەموو ئەمانە لەپێناو پیشاندانی وێنەیەکی واقعی مرۆڤ بوو بەخواستی هونەرمەند، تا لەو رێگەیەوە ویستەکانی و ئایدیای نوێ بخاتەروو، بەبێئەوەی جوانی وەك رەهەندێکی دیار لەکارەکەیدا پشگوێبخات. ئەم گرنگیدانە ئاراستەی تاکگەرایی بەخشیە هونەر لەسەدەی چواردەدا تەلیسمی تاکگەرای لای (جۆتۆ) دەرکەوت، بەڵام پرشنگی تاکگەرایی لەسەدەی (١٥)دا لەهەموو لایەکەوە دەردەکەوت و گۆرانکاری و نوێخوای بەدوای خۆیدا کێشدەکرد. تاکگەرایی تەنها لەبەرهەمە هونەرییەکاندا رەنگی نەدایەوە، بەڵکو کاریگەربوو بۆسەر هونەرمەندانیش، رێنیسانس دەیویست لەرێگەی توانای خودی و ئاراستەکردنی تاکگەراییەوە هونەرمەندی داهێنەر دروست بکات و لەرێگەی سودوەرگرتن لەتواناو هێزی مەعنەوی تاکەوە ئەزموون و داهێنانی باش بەدەست بێنێت، داهێنانەکان لەرێگەی توانا باڵاکانی تاکەوە بەرجەستە دەبوون بەم جۆرە زهنی مرۆڤ توانی زاڵبێت بەسەر واقعدا [٢٥] و لەبۆتەی هونەردا بیتوێنێتەوە.

تایبەتمەندییەکی زۆر دیاری قۆناغی رێنیسانس گەرانەوەیە بۆ هونەری کلاسیك، کەلتووری کلاسك دەکرایە چاوگەی بونیادنانەوەو ئیلهامی کارەکان، ئەم بزاڤە (گەرانەوە بۆ کەلتووری کۆن)کە هەندێك بەدەروازەی رێنیسانسی دەزانن، لەسەردەستی هیومانزمەکان سەریهەڵدا. ئەمانە سودیان لەکەسە هونەرییەکان وەردەگرت بۆ دۆزینەوەو لادانی پەردە لەسەر جوانی کەلتووری هونەری کلاسیك، کاریاندەکرد بۆ لێکچواندنیان لەرۆح و گوزارشتی مرۆیی[٢٦] لەم رێگەیەوە توانرا چەندین پاشماوەی هونەری رۆمانی بدۆزرێنەوەو بوونە پاڵپشتێکی باش بۆ هونەرمەندانی [٢٧] رێنیسانس تا پشتبکەنە کەلتووری سەدەکانی ناوەراست و بگەرێنەوە بۆ هونەری سەردەمی یۆنانی و رۆمانییەکان.

گەرانەوە بۆ کەلتووری کلاسیك بریتیبوو لەزیندووکردنەوەی ئەو کارە هونەرییانەی



لەو سەردەمانەدا هەبوون، بەتایبەت بەکارهێنان و پەیرەوکردنی شێوازو چۆنیەتی هونەری کلاسیکی، چونکە بە بەراورد بەسەدەکانی ناوەراست هونەر لەکەلتوری یۆنان و رۆمان زیاتر پێشکەوتوبوو، بەتایبەت لەرووی ئازادیی شێوازو چۆنیەتی کارکردنی هونەرمەند، بۆیە گرنگی زۆردەدرا بەشارەزابوون و ناسینی ئەو هونەرە تا ئەندازەی بەکارهێنانی شێوازی هونەری کلاسیك.

پێویستە بوترێت گەرانەوە بۆ کەلتووری کلاسیك بەو واتایەنەبوو کە هونەری رێنیسانس تەنها لەدوبارەکردنەوە(تقلید)ی پەتی هونەری کلاسیك پێکهاتبێت، چونکە هونەرمەندانی رێنیسانس بەشێوەیەکی رەها هەموو وردەکارییە هونەرییەکانی ئەو قۆناغەیان نەزانیوە، یان بەدەستیان نەگەیشتووە، سەرەرای ئەوەی مەسیحیەت بەجۆرێك تێکەڵی شارستانیەتی رۆژئاوا ببوو، گەرانەوەی تەواوی ئەو کەلتورە مەحاڵبوو، هەروەها ریشەکێشکردنی ئایینی مەسیحی ئەستەمبوو، چونکە بەتەواوی رۆچووبووە ناو شارستانیەتی ئەوروپی، گەرانەوە بۆ کەلتوری کۆن هەوڵێکبوو بۆ نوێکردنەوەی بابەتە هونەرییەکان لەسەر بنەمای بەهرەوەرگرتن لەکەلتوری کۆن[٢٨]. هیچ تەواوکاریەکی هونەری کلاسیك لەرێنیسانسدا نابینرێت تا بڵێین هونەری رێنیسانس هونەری کلاسیکبووە، چونکە ئەو دوو هونەرە جیاوازی زۆر لەجەوهەریاندا هەیە بە بەراوردکردنی کاری هونەرمەندان بەئاسانی ئەوە دەبینرێت، هونەری هەر سەردەمێك پەیوەندی قوڵی بەسەردەمەکەی خۆیەوە هەیەو کاریگەرە بەقۆناغەکانی پێشخۆی بەم پێیە گەرانەوە بۆ کەلتوری کۆن لای هونەرمەندانی رێنیسانس کاریگەری و پێکاریگەربوونە نەك دووبارەکردنەوەو تەواوکاری هونەری کلاسیك، بۆیە دەتوانین بڵێین هونەری کلاسیك خەونێکبوو هونەرمەندان دەیانویست هونەری پێزگاربکەن لەسەدەکانی ناوەراست[٢٩]. بەم جۆرە هونەرمەندان توانیان ئایدیای یۆنانی و رۆمانی بێننە سەردەمەکەی خۆیان و لەرێگەی سروشت و ئاشنابون بەبنەماکانی جوانی توانیان شێوازێکی (کلاسیك)ی تایبەت بەسەردەمی خۆیان دروست بکەن [٣٠] نەك هونەری کلاسیك درێژە پێبدەن.

ئازادبوونی هونەر لەکۆت و پێوەندو یاسا سەپێنراوەکانی کەنیسە، دیارترین تایبەتمەندی قۆناغی رێنیسانسە، بەتایبەت پاش چاکسازی ئایینیی کە هەوڵیدەدا هەموو دروستکراوەکانی کەنیسە بۆ ئایینی مەسیحی رەتبکاتەوەو دەسەڵاتی کەنیسە لەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەوروپی دووربخاتەوە. هونەر توانی سودێکی زۆر لەم گۆرانکارییانە وەربگرێت، هونەرمەند خواست و سەلیقەی خۆی پێش هەرشتێکبوو لەکارە هونەرییەکانیدا، خۆی ئاراستەکانی هەڵدەبژارد، لەبری ئەوەی ئاراستەبکرێت.

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هونەر ببێتە هەڵگری بابەتی نوێ بەدەر لەهەر یاساو ناچارکردنێك، هونەر بووە بابەتێکی زیندووی بوێژ گوزارشت بوو بۆ جوڵەو مومارەسەی جەستەو رۆحی مرۆڤ، هونەرمەندان بابەتەکانیان لەسێبەری کەنیسە(ئایین) دوورخستەوەو چوونە ژێر سایەی بابەتە دنیاییەکان، ئازادی گوزارشتکردن و پیشاندانی نموونەی باڵاو چۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی باشتر لەهونەردا بەهەند وەردەگیرا[٣١]،

لەبری توانەوە لەبۆتەی یاساکانی کەنیسەدا.

ڕێنیسانس هەوڵێکبوو بۆ دوورخستنەوەی هونەر لەخزمەتکردنی کەنیسە، هونەر دەیویست لەم قۆناغەدا ڕەنگدانەوەی جیاوازی هەبێت لەکۆمەڵگەدا، بەجۆرێك دەیویست بابەتە ئایینیەکان بخاتە ژێر سایەی خۆی، واتا هونەر بڕیاردەربوو لەوێناندنی بابەتە ئایینیەکاندا، بەجۆرێك هەوڵی سەپاندنی جوانیاندەدا بەسەر پەرستش و سەرکەشیە ئایینیەکاندا[٣٢] لەپێناو خوڵقاندنی هونەردا.

وردەوردە هونەر ئایینی لەخۆی دووردەخستەوە (بەو واتایەی ئایین باڵادەستی بەسەر ئایدیاو هەستی هونەرمەنددا نەما، وەگەرنا ئایین لەقۆناغی ڕێنیسانسدا بەشێوەیەکی دیار دەبووە بابەتی کاری هونەری، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆك و شێوازەوە نوێگەریەکانی ڕێنیسانس زاڵدەبوو، بەسەر بابەتە ئایینیەکەدا)، ئەمە زیاتر بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەوە بوو کە چاکسازی ئایینی لەئازادی بیرو بەها ڕاستەقینەکانی ئایینی مەسیحی بەخشیە کۆمەڵگەی ئەوروپی، کەمن ئەو هونەرمەندانەی قۆناغی ڕێنیسانس بابەتێك یان زیاتری ئایینیان نەکردبێتە کاری هونەری، بەڵام ئەمە نەبووە بەرێگر لەبەردەم هونەرمەندان لەداهێنان و ئەفراندنە هونەریەکانیاندا، بەپێچەوانەوە لای هەندێك هونەرمەند باشترین و جوانترین داهێنراوە هونەریەکان لەگێڕانەوەی چیرۆکێکی ئایینی یان وێنەو پەیکەری مریەم و مەسیحدا دەردەکەێت، بەڵام لەم قۆناغەدا هونەرمەند بەویست و خەیاڵاندنی خۆی کارەکەی دەکردو پابەند نەبوو بەپاراستنی هیچ بەهایەك، ئەمە وەك تەیارێکی دژ بەکەنیسە، هونەرمەندان دەیانویست بیسەلێنن ئەوەی کەنیسە لەسەدەکانی ناوەڕاست سەپاندبوی بەرژەوەندی خودی کەنیسەی تێدابوو، نەك بێتوانایی بابەتە ئایینیەکان لەئەفراندنی هونەری.

لەلایەکیترەوە نەمانی باڵادەستی کەنیسە لەکۆمەڵگەدا وایکرد کەسانیتر ببنە پاڵپشتی هونەر، بەتایبەت لەچینی ناوەندو خانەدانەکان، ئەمانە زیاتر وێڵی جوانیەکانی هونەربوون، بەپێچەوانەی پێشتر کە تەنها کەنیسەو پیاوانی ئایینی پاڵپشتی هونەربوون و داواو یاساکانیان دەسەپاند[٣٣]. بەمجۆرە هونەرمەند توانی لەپێوەندی کەنیسە بەتەواوی ڕزگاریببێت، لێرەوە لەچاوەڕوانی یاساکانی کەنیسەدا نەمایەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی.

یەکێکیتر لەو تایبەتمەندیانەی ڕێنیسانس بەخشییە هونەرجوانی بوو، جوانی لەهەر کارێکی هونەریدا شکۆو بەهای هونەرەکەی دەردەخست، ئەم قۆناغە جوانی و هونەری بەرادەی ئاوێتەبوون لەیەك نزیك کردەوە، جوانی بەسەرچاوەی سیفەتی هەموو هونەرێك دادەنرا[٣٤]، سۆزو خۆشەویستی و عەشق و خەیاڵاندن بۆ ئەفراندنی جوانی بەرێژەیەکی زۆر لەکارە هونەریەکاندا دەبینران و نزیکبوونەوەی سروشت و هونەر لەلایان خوڵقاندنی جوانی بوو، ئەم قۆناغە فراوانترین و گەورەترین بەشی لەمێژووی جوانی تێدادەرکەوتووە، بەهۆی ئەو کارە مەزنانەی قۆناغەکە بەخۆیەوەدی[٣٥].

تایبەتمەندیەکی تری قۆناغی ڕێنیسانس زیادبوون و گەشەکردنی کەرەسەی هونەریی بوو، بەتایبەت لەڕووی ڕەنگ و هۆیەکانی وێنەکێشان (فڵچەو قەڵەمی کانزای وقوماش)



بۆیەو ڕەنگی زەیت[٣٦]، ڕەنگی زەیتی جێگەی (تێمپرای)* گرتەوە ئەمە کارئاسانیەکی زۆری بۆ هونەرمەندان هەبوو بەتایبەت لەیاریکردن بەڕەنگەکاندا، زیاتر یارمەتی دەربوو بۆ کێشانی واقعیانەی وێنەکان و پیشاندانی فەزاو سێبەرەکان بەشێوەیەکی وردتر، ئەمەش وای لەتابلۆکان دەکرد گشتگیرو هەمەچەشنە دەربکەون[٣٧].

تایبەتمەندیەکی ڕێنیسانس کە پەیوەندی بەهونەرمەندانەوە هەبوو گۆڕینی پێگەی کۆمەڵایەتی هونەرمەندبوو، لەپێشدا زیاتر وەك پیشەگەرێك سەیریان دەکرا[٣٨]، بەڵام لەم قۆناغە بەدواوە پێگەی کۆمەڵایەتیان بەرزبۆوەو وەك کەسانێکی ڕێزدار سەیردەکران، لەڕووی ئابوریشەوە گوزەرانی هونەرمەندان باشتربوو، هەروەها هونەرمەندان بوونە کەسی سەربەخۆو پەیوەست نەبون بەهیچ لایەنێکەوە وەك قۆناغی پێشتر.

## گۆڕانکارییە هونەریەکانی قۆناغی ڕێنیسانس

هیچ پێکهاتەیەکی هونەر نەمابوو ڕێنیسانس گۆڕانکاری بەسەردا نەهێنێت و سەراپا نوێی نەکاتەوە، ئەم گۆڕانکاریانە مانایەکی تری بەخشییە ناوەڕۆکی هەریەکێکیان و شێوەیەکی تریان بەخۆیانەوە بینی، سەرجەم گۆڕانەکانیش بەئاقاری باشتر بردنی هونەربوون، بەجۆرێك ئەم قۆناغە زۆرجار وەك لوتکە دادەنرێت بۆ کامڵبونی هونەر لەهەموو ڕوویەکەوە.

## گۆڕانکاریی هونەری تەلارسازی

لەهونەری ڕێنیسانسدا جوانی بایەخی زۆری پێدەدرا، ئەوەی زیاتر تەلارسازیی ڕێنیسانس لەقۆناغی پێشخۆی جیادەکاتەوە، لایەنی ڕازاندنەوەو جوانکارییە لەناوەو دەرەوەی تەلارەکان و پەیڕەوکردنی بنەماکانی تەلارسازیی کلاسیك، تایبەتمەندی خۆی دروستکردو جیاواز لەقۆناغی پێش خۆی دەردەکەوت[٣٩]. تەلارسازیی ڕێنیسانس بەدووربوو لەئاڵۆزی و پێکهاتەیەکی سادە(دیارو ئاشکرا)ی هەبوو، زیاتر گوزارشتبوو لەخواستی تاك، تێکەڵبوو لەچەندین فۆرمی ئەندازیاریی جیاواز کە تەواو تایبەتبوو بەو قۆناغەوە شێوەو ئەندازەی جیاواز لە(بازنەیی، چوارگۆشەیی، لاکێشەیی، گۆیی و نیمچەگۆیی) بەکاردەهێنران و تێکەڵ بەشێوازی کلاسیك دەکران، ستون (پایە) و سەرستونەکان بەشێوەی جیاواز دروستدەکران بۆ ڕازاندنەوەی پێشی تەلارەکان، لەپێناو بەخشینی سیمایەکی جوانتر نەخشی تاق و گومەزەکان لەسەر شێوازی ڕۆمانی دروستدەکران[٤٠]. بۆ جیاواز دەرکەوتنی هونەری تەلارسازی لەم قۆناغەدا هونەرمەندان فەزایکراوەیان لەتەلارەکاندا بەکاردەهێنا، هەروەها بیناکان ڕێك و لێك نزیك دروستدەکران، ئەمە شێوازێکی جوانتری بەخشیە تەلارسازیی، دروستکردنی باخ و حەوشەی فراوان بۆ ڕازانەوەی تەلارەکان[٤١]خواستی تاکگەرایی هونەری ڕێنیسانسی زیاتر چەسپاندو ویست و ئارەزووی هونەرمەندانی لەئەفراندنی هونەریدا بەدیهێنا.

لێکۆڵینەوە لەهونەری ڕۆمانی بەتایبەت لەبواری تەلارسازیدا کاریگەربوو لەپەرەسەندن و بەرەوپێشچونی تەلارسازیی ڕێنیسانس، ئەم بارەش زیاتر لەئیتالیا برەویسەند، بەتایبەت پاش دامەزراندنی چەند قوتابخانەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی

پاشماوە(شوێنەوار)ە تەلاریەکانی رۆما لەرووی (شێوازو چۆنیەتیەوە)[٤٢]، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەزۆرینەی شارەکانی ئیتاڵیا پاشماوەی بیناو تەلاری رۆمانی هەبوو، بۆیە لەبواری تەلارسازیدا زیاتر پشت بەهونەری رۆمانی دەبەسترا[٤٣]، وەرگرتنی شێوازی رۆمانی زیاتر لەرەگەزەکانی بیناسازیدا خۆیدەبینیەوە، وەك دروستکردنی پایەو سوچ و رازاندنەوەی رووکاری دەرەوەی تەلارەکان و چوارچێوەو سەر پەنجەرەکان لەسەر شێوازی رۆمانی، نموونەی ئەمە لەسەدەی (١٥)دا (لیۆن پاتێستا ئەلبێرتی١٤٠٤- ١٤٧٢) کەنیسەیەکی دروستکرد رووکاری دەرەوەی کەنیسەکە لەتاقێکی پیرۆزو گەورەی رۆمانی دەچوو[٤٤](کە وادەردەکەوێت لەشوێنێکی گشتی دابێت)، لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی زۆر لەنێوانیاندا دەبینرێت، ئەلبێرتی توانیویەتی مۆرکێکی نوێ ببەخشێتە بیناکەی خۆی، ئەگەرچی گۆڕانکاریی زۆری تێداکراوە، بەڵام فۆرمی سەرەکی رووکاری بیناکە دەچێتەوە سەر تاقە رۆمانیەکە. تەلارسازانی قۆناغی رێنیسانس لاسایی پەتی هونەری کلاسیکیان نەدەکردەوە، بەڵکو ئەو تەلارانەی دروستیاندەکرد گوزارشتبوون لەرۆحی سەردەمەکەی خۆیان، ژینگەو فەزای سەردەمەکە کاریگەربوون بەسەریانەوە، لەگەڵ ئەمانەدا رابردوویان بەستبۆوە بەسەردەمەکەی خۆیان و هونەری کلاسیکیان تێکەڵ بە بەهرەی خۆیان دەکردو هونەرێکیان خوڵقاند تەنها تایبەت بوو بەقۆناغی رێنیسانس[٤٥].

پێویستە بوترێت تەلارسازیی رێنیسانس تەنها لەدروستکردنی کەنیسەکاندا قەتیسی نەخواردبوو، بەڵکو تەلاری تایبەت(کەسی) لەوانە(بینای خانەدانەکان، بینای دەزگا دەوڵەتییەکان)ی دەگرتەوە، بەهۆی گۆڕانی گوزەران و برەودان بەشارستانیەت خانەدان و چینی ناوەند خواستیان بۆ بوونی تەلاری نوێ و رازاوە زیادیکرد، ئارەزووەکانیان بۆ هونەرمەندو تەلارسازەکان دەخستەروو تا لەرێگەی ئەوانەوە ویستەکانیان لەتەلارێکی رازاوەدا بەرجەستە ببێت[٤٦]. ئەمە وایکرد هونەرمەندان تەنها بەدروستکردنی کەنیسەکان سەرقاڵ نەبن، بەڵکو ئارەزوویان دەکرد بەهرەو لێهاتووی خۆیان لەتەلارە جۆربەجۆرەکاندا دەربخەن و توانای داهێنەرانەی خۆیان لەرازاندنەوەو جوانکردنی رووکاری دەرەوەو ناوەوەی تەلارەکان بەنەخشی شێوە تۆری (چنراو) و بادراو(پێچ خواردوو) پیشان بدەن[٤٧]، هونەرمەندان پێداگری زۆریان لەسەر نوێکردنەوەی هونەری تەلارسازیی کردووە، بەتایبەتی هونەرمەندانی ئیتاڵیا، ئەم دۆخە بەجۆرێك پەرەیسەند شتێك نەمابوو لەویستی هونەرمەند مەزنتربێت و ببێتە رێگری، فەرمانڕەواکان پێداویستیەکانیان بۆ دابیندەکردن و تەلارسازەکانیان لەرووی کارکردنەوە ئازادکردبوو بەجۆرێك هونەرمەند گەیشت بەئازادی رەها لەکارکردندا، ئەم گۆڕانکاریانەش داهێنانی مەزنی بەدوای خۆیدا کێشکرد، ئەم دۆخە گەیشتە ئاستێك تەنانەت پاپاکان بەرهەڵستکاری دروستکردنی ئەو تەلارانەیان نەدەکرد کە خودانی مۆرکێکی بتپەرستی رۆمانی بوون[٤٨]،(مەبەست شێوازی تەلارسازی)یە.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی یارمەتی پەرەسەندنی بواری تەلارسازیدا سەربەستی هونەرمەندبوو لەکارکردندا، بەخواستی خۆیان جۆرو چۆنیەتی کارکردنەکەیان



دیاریدەکرد، ناچارنەبوون بەخواست و ویستی خاوەنکار (ئەوکەسەی تەلارەکەی بۆ دروستدەکرێت، جا کەسێکی ئاسایی بێت یان پیاوی ئایینی یان فەرمانڕەوا)، چونکە لەو قۆناغەدا دۆخێکی وەها دروستبووبوو خواست و ویستی خاوەنکارو هونەرمەندان یەکیدەگرتەوەو ویستەکانیان بۆ دروستکردنی تەلارێك دژبەیەك نەبوو، چونکە هونەرمەندان ئامانجی سەرەکیان جوانی بوو[٤٩]، خاوەنکاریش شەیدای بوون بەخاوەنی شتی نوێ و جوانبوو بەجۆرێك داواکاری وەها دروستبوو، ئامادەبوو دابونەریت و پێوستبوەکان بخاتە لاوەو لەرێگەی دروستکردنی تەلارێکی نوێوە ببێتە خاوەنی ناوبانگ، یەکێك لەوانە (پاپا یۆلیۆسی دووەم)ساڵی (١٥٠٦) فەرمانیدا کەنیسەی (بازلکی) برووخێنن و سەرلەنوێ بونیادی بنێنەوە بەشێوەیەکی پڕشکۆ دروستی بکەنەوەو هەموو شێوەکانی تەلارسازیی (تایبەت بەکەنیسە)ی کۆن و نوێی تێدا بەکاربهێنن، بۆ ئەم کارە لەلایەن پاپاوە (دۆناتیلۆ برامانتە) دەستنیشانکرا کە یەکێکە لەتەلارسازە بەناوبانگەکانی سەردەمی رێنیسانس، بەسەردەستەی تەلارسازانی نوێ دادەنرێت[٥٠]. لەگەڵ ئەمەشدا خواستی داواکار بەهەند وەردەگیراو هەروەها چۆنیەتی شێوازی تەلارەکان لەهەر ناوچەیەکدا بەپێی ژینگەو ئاوهەوا دەگۆڕان، تەلارەکانی رۆما زیاتر کلاسیکی بوون بەڵام لەڤینیسیا لەژێر کاریگەری ئاوهەواکەیدا شێوەی تەلارەکان زۆر رازاوەبوون، بەجۆرێك لەسەر دیوارەکان درەخشانەوەو پرشنگی ئاوەکە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دروستبکات[٥١]. لەفلۆرەنسا بەچەشنێك گرنگی بەلایەنی تەلارسازیدەدرا کە تەنها تەلارەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو نەخشەی شەقام و جوانکردنی شوێنە گشتیەکانیشی گرتەوە. لەمڕووەوە هەر لەسەدەی (١٤)وە هەوڵی چاککردنی نارێکی(قەناسی) شەقامەکان دەدراو هەروەها دەیانویست ئەو زەویانەی لەشوێنە گشتیەکاندا بوونەتە جێگەی کۆبونەوەی خاشاك و پیسی بیانکەنە شوێنی جوان و دڵگیر جا بینا بێت یاخود دروستکردنی پارك[٥٢]. بەمجۆرە هونەری تەلارسازیی گەیشتە ئاستێکی وەها تەواو خواستی هونەرمەندی تێدا بەرجەستە دەبوو، لەگەڵئەوەشدا ئەوەی دەیویست تەلارێك دروستبکات خواستەکەی لەکارامەیی و توانای هونەرمەندەکاندا دەهاتەدی. بەبێئەوەی هیچ کەسێك یان یاسایەکی ئایینی و دابونەریتێك رێگریان لێبکات لەبەدیهێنانی خواستەکانیان و ناچاریانبکات لەهەڵبژاردن و ئەنجامی کارێك کە دوورە لەویست و ئارەزووی خۆیانەوە.

## گۆڕانکاری هونەری پەیکەرتاشیی

بەو پێیەی پەیکەرتاشی هونەرێکە دەتوانێت گونجانی تەواو لەنێوان دەرەوەو ناوەوەدا دروستبك[ات٥٣]، بەو واتایەی چەندە لەپیشاندانی رووی دەرەوەدا لێهاتووە ئەوەندەش دەتوانێت گوزارشت لەناخبکات بەتایبەت (رۆح)، زۆرجار پەیکەرتاشی وەك هونەری باڵا یان هونەری دەربڕی رۆح لەمادەدا پەسندراوە، بەو پێیەی پەیکەرتاشی پێویستی زۆری بەئازادی کارکردن هەیە، پێویستی بەوەیە هونەرمەند بەوشێوەیەی خۆی دەیەوێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆیە پێویستی بەنوێبوونەوەی تەواو هەبوو تا بتوانێت ئەرکی سەرەکی خۆی بەجێبێنێت. قۆناغی رێنیسانس تاڕادەیەکی باش ئەو خواستەی

هونەری پەیکەرتاشی و هونەرمەندانی هێنایەدی، بەهەمانشێوە هونەری پەیکەرتاشی دەیویست بەهرەمەندبێت لەهونەری کلاسیك، پێویستبوو هونەرمەند بەتەواوی شارەزای هونەری (رۆمانی و یۆنانی)بێت، بۆ تێپەڕاندنی ئەو تەوقانەی هونەری پەیکەرتاشی گەمارۆدابوو، تا بتوانن هونەری باڵا بەدەستبێنێت.

هونەرمەندانی پەیکەرتاش شێوازی کلاسیکیان بەکاردەهێنا، پێوەندەکانیان پشتگوێخست، لەڕووی مێژوورییەوە دەرکەوتنی گۆڕانکاریەکان لەکارەکانی (نیکۆلاپیزانۆ١٢٢٠-١٢٨٢) کە شێوازی کلاسیکی بەکارهێناوە دەستپێدەکات، بەمەش کارەکانی جیاواز لەهونەری سەدەکانی ناوەڕاست دەرکەوت، هەروەها کورەکەی (جۆڤانی پیزانۆ١٢٤٥- ١٣٢٤) بابەتی هەستبزوێن و سۆزبەخشی تێکەڵ بەکارەکانیکرد، کارەکانی ئەم دوو هونەرمەندە زەمینەی گۆڕانکاری هونەری پەیکەرسازی قۆناغی ڕێنیسانسیان خۆشکرد، ئەوەی لەکارەکانیاندا بەدیدەکرێت بەکارهێنانی شێوازی جیاوازو چۆنیەتی بەرجەستەکردنی دۆخ و جوڵەی پەیکەرەکانە[٥٤]، بەڵام نەبوونە خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ، چونکە وادەردەکەوێت کارەکانیان سنورداربووە، نەگەیشتونە ئاستی داهێنان وەك ئەوەی هونەرمەندانی دوای ئەوان پێیدەگەن. بۆیە هەندێك پێیانوایە (دوناتیلۆ برامانتە(١٣٨٢- ١٤٦٢) تەلارسازو پەیکەرتاشی ئیتاڵی) پێشەنگە لەگۆڕانکاری هونەری پەیکەرسازیدا، جگەلە بەکارهێنانی شێوازی کلاسیك لەکارەکانیدا جوانی سروشت و گونجاندنی جەستەو جوانکاری لەڕووخساردا بەکارهێناوە [٥٥] ئەمەش وەك گۆڕانێکی جەوهەری لێی دەڕوانرا بۆ ئەو هونەرە، لەپاش ئەویش پەیکەرتاشی بە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دەهات تا دەرکەوتنی (مایکڵ ئەنجیلۆ١٤٧٥-١٥٦٤)لەئیتاڵیا ئاستێکی باڵای ئەم هونەرەی دەرخست.

لەپێناو بەدەستهێنانی شێوەیەکی گونجاو بۆ پەیکەرتاشی هونەرمەندان پێویستیان بەشارەزاییبوو لەئاناتۆمی و شێوازی جوڵەی جەستەدا تا بتوانن ویستەکانیان بەدیبێنن[٥٦] لەپیشاندانی واقعی وێنەی مرۆڤ لەپەیکەرێکدا، چونکە هونەرمەندان گرنگی زۆریان دەدا بەچۆنیەتی پەیکەرەکان دەیانویست نزیکیەکی زۆری لەگەڵ سروشتدا هەبێت بەجۆرێك لەدروستکردنی پەیکەری مرۆڤدا دەیانویست بینەر وابزانێت لەبەردەم کەسەکەدا وەستاوە بەو واتایەی جوڵەو پێکهاتەی ئەندامی لای هونەرمەند زۆر گرنگی پێدەدرا تابتوانێت وەك ئەوەی کە هەیە وێنەی بکاتەوە لەپەیکەرەکەیدا.

ئەرکی پەیکەرتاشی لەبنەڕەتدا گوزارشتە لەئەفراندنی جەوهەری تاکگەرایی [٥٧]، هونەرمەندانی ڕێنیسانس بەدوای بەدیهێنانی ئەمەوەبوون بۆ کارەکانیان، چونکە لەقۆناغی ڕێنیسانس گرنگیی زۆر بەتاك دەدرا، ئەمە هونەرمەندی بۆ ئەوە کێشدەکرد گرنگی زۆر بەمرۆڤ بدەن لەکارەکانیاندا بۆیە بەشێکی پەیکەرەکانی قۆناغی ڕێنیسانس تایبەتکرابوو بەپەیکەری کەسی، دۆخە مرۆیەکان زۆر گرنگیان پێدەدرا، دوناتیلۆ زیاتر گرنگی بەو لایەنەداوەو پەیکەری کەسی دروستکردووە، بۆیە زیاتر ئەو بەپێشەنگی گۆڕانکارییەکانی ڕێنیسانس دادەنرێت [٥٨].



زیاتر لەهەربابەتێکی تر پەیکەرتاشی پێویستی بەتێکشکاندنی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و یاسا قۆرغکەرەکانی کەنیسەبوو، هونەرمەندانی ڕێنیسانس ویستێکی زۆریان بۆ دروستکردنی پەیکەری رووت هەبوو، بەبێ ڕەچاوکردنی بەهاکان، ئەو قۆناغە وایدەخواست هەموشتێك لەپێناو هونەردا نەك هونەر لەپێناو هەموشتێکدا[١]. جگەلەوەی شێوەی رووت جوانتر جوڵەی جەستە دەردەخات و کاریگەری زۆرتری هەیە، لەلایەکی ترەوە زۆرکات هونەرمەندان پێیانوایە پۆشاك ڕێگرە لەپیشاندانی جوانی جەستەی مرۆڤ [٥٩] و چۆنیەتی ئەو جوڵەیەی هونەرمەند دەیەوێت پیشانیبات، ڕێنیسانسیش وێڵی جوانی بوو ئەم دۆخەی بۆ هونەری پەیکەرتاشی گەڕاندەوە کە زیاتر لەهونەری کلاسیکی (یۆنان و رۆمان)دا دەبینرا، لەمەشدا دۆناتیلۆ پێشەنگبوو کاتێك پەیکەری (داود)ی دروستکرد.

چۆنیەتی کارکردن لەم قۆناغەدا گرنگی زیاتری پێدەدراو مادەی بەکارهێنراو ڕێگرنەبوو لەبەردەم پەیکەرتاشەکان، چونکە لەم قۆناغەدا هونەرمەندان مادەی جیاوازیان بەکاردەهێنا بۆ پەیکەرتاشی وەك (بەرد، بەردی مەڕمەڕ، تەختە، گەچ و برۆنز) خۆیان نەدەبەستەوە بە بەکارهێنانی تەنها مادەیەکەوە، لەڕووی بابەتەوە پەیکەرەکانیان لەچوارچێوەی جیاوازدا دەردەکەوتن[٦٠]و زیاتر گوزارشت بوون لەو بابەتانەی جێگەی بایەخی ئەو قۆناغەبوون.

## گۆڕانکاریی هونەری وێنەکێشان

بەوپێیەی هونەری وێنەکێشان بەرجەستەترەو خەیاڵی مرۆڤ زوو لەگەڵیدا دەسازێت، بۆیە هەر لەگەڵ ئاشنابوونی مرۆڤ بەو هونەرە توانیویەتی باشتر ئارەزوەکانی خۆی پێبەدی بێنێت، ئەمە جگەلەوەی گواستنەوەی وێنە لەبەرجەستەوە بۆ بینراو، یەکەم درکپێکراوی مرۆڤ بووە، لەبری ڕێنوس بۆ دەربڕینەکانی وێنەی بەکارهێناوە، بەم پێیە ئەم هونەرە ئاشنایی لەمێژینەی مرۆڤ بووە، بۆیە لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی مرۆی ڕێیکردووەو بەردەوام لەلایەن مرۆڤەوە هەوڵ بۆ باشترکردنی دراوە. وەك یەکێك لەقۆناغەکانی گەشەسەندنی شارستانیەتی مرۆیی، ڕێنیسانس توانی گۆڕانکاری جەوهەری بەسەر ئەم بەشەی هونەردابێنێت بەجۆرێك هەندێك لەبیریارانی فەلسەفەی هونەر پێیانوایە وێنەکێشان لەم قۆناغەدا گەیشتە ترۆپك و دواگۆڕان و داهێنانەکانی ئەم هونەرە لەو قۆناغەدابووە.

ئەرکی سەرەکی ڕێنیسانس ئەوەبوو هونەری وێنەکێشان لەدەست پێوەندەکانی کەنیسە رزگاربکات بەجۆرێك ئەو دۆخە تێپەڕێنێت کە تەنها لەخزمەتی کەنیسەو پیرۆزی ئەودابێت، بۆیە بەتەواوەتی وێنەکێشان لەسروشت نزیکدەبۆوە، هونەرمەندانی ئەم قۆناغە کارەکانی خۆیان بەباشترین شێوە ئەنجامدەدا، تا بتوانن باشترین دیدی سروشتی بخەنەڕوو و ژیان ببەخشنە تابلۆکانیان [٦١]. لەم قۆناغەدا هونەرمەندان توانیان کێشەی واقعیبون و کێشانی فەزا چارەسەربکەن بەمەش هونەری ڕێنیسانس تەواو لەهونەری سەدەکانی ناوەڕاست جیابۆوە، شێوازی نوێ و باشتر دەرکەوتن لەپێناو بەدەست هێنانی جوانیدا هەوڵی تەواویاندەدا لەتێگەیشتنی سروشت و هونەری

کلاسیکی[٦٢].

لەڕووی بابەتەوە هونەرمەند ئارەزوی کێشانی ئەو بابەتانەیان دەکرد کە لەگیانی ئایینی بەدووره، بیرەکانیان تێکەڵ بەسروشت و جەستەی مرۆڤ و خۆشەویستی کردبوو، لەوێنەکاندا گوزارشتیان لەهەست و سۆزو هەموو ئەو بیرە نوێیانەی لەقۆناغی ڕێنیسانس برەویان هەبوو، بەتایبەت (هیومانزم)دەکرد، هونەرمەندان گرنگی زۆریان بەم لایەنەدەداو زیاتر ڕۆدەچوونە نێو بابەتە مرۆییەکان، مرۆڤ بووە بابەتی سەرەکی بەشێکی زۆری کارە هونەریەکان، جەستەی مرۆڤ گرنگی زۆری پێدەدرا [٦٣]، بەجۆریك جوانترین وێنەی رووخسارو شکۆی جەستەی مرۆڤ لەم قۆناغەدا دەرکەوت ئەمەش زیاتر کاریگەری ئەو بیرە مرۆڤدۆستی و تاکگەراییەی بەسەرەوەبوو کە لەو دەمەدا لەبرەودابوو. پیشاندانی جەستەی رووت گرنگی زۆری هەبوو وەك جۆرێك لەنوێگەری و داهێنان سەیردەکرا، لەلایەك بۆ دژایەتی کردنی یاساکانی کەنیسەو لەلایەکیتر بۆ تێپەڕاندنی ئەو شێوازە باوەی بابەتی وێنەکێشانی سەدەکانی ناوەڕاست پەیڕەوی دەکرد [٦٤].

هونەرمەندی ئەم قۆناغە بەهرەمەندبوون لەبەکارهێنانی کەرەسەی جیاوازی وێنەکێشان بەتایبەتی(رەنگ)، پەیدابوونی رەنگی زەیتی [٦٥] سوودی زۆری گەیاندە هونەرمەند، بەتایبەت لەڕووی تێکەڵکردنی رەنگەکان و هەڵبژاردنی ئەو جۆرەی خۆی مەبەستیەتی جگەلەوەی هونەرمەند، لەگەڵ رەنگی زەیتی مامەڵەی باشتر بۆدەکرا، بەمەش دەیانتوانی بەهۆی رەنگەکانەوە چیرۆکی جیاواز لەتابلۆکاندا بنەخشێنن و رەنگی جیاواز لەکارەکانیاندا دەربخەن و قوڵترین و واقعیترین نهێنی لەرەنگەکاندا پەنهان بکەن، مەبەستیشیان لەمە دروستکردنی پەیوەندی رۆحی بوو لەنێوان بینەرو تابلۆدا، تا بینەر تەنها بەچاو درکی کارەکەنەکات، بەڵکو ئاوێتەی دڵ و دەرونی ببێت [٦٦]، بەمجۆرە رەنگ بووە رەگەزێکی سەرەکی لەوێنەکێشانداو هونەرمەندان لەهەوڵی ئەوەدابوون شێوازی باشتر لەوبوارەدا بەدەستبێنن، تابتوانن داهێنان لەتابلۆکانیاندا بکەن.

ڕێنیسانس هونەرمەندی زۆرو جیاوازی بەخۆیەوە بینی کە بەئایدیای جیاواز کاریاندەکردو هەموویان پەیوەست نەبوون بەیەك شێوازی هونەرییەوە، چ لەڕووی بابەت یان تەکنیکەوە، هەرچەندە هەندێکیان محافزکاربوون، بەڵام هەمویان پێکەوە کاریان بۆ گۆڕانکاریدەکرد، بەجۆرێك بیانزانیایە هەر شتێك دەبێتە هۆی پێشخستنی هونەر هەوڵیاندەدا فێریبن و سوودیان لێدەبینی بۆ گۆڕانکارییە هونەرییەکانیان، لەمرووەوە بۆ بەدەستهێنانی تەکنیکی باشی هونەریی، هونەرمەندان سوودیان لەتیۆرە بیرکاریەکان وەردەگرت، بەتایبەت لەبەرجەستەکردنی جووڵەکانداو زانستی ئاناتۆمیش [٦٧] بەلایانەوە گرنگ بوو، بەتایبەت سودیان لێدەبینی بۆ شارەزابوونی شێوەی بەشە جیاجیاکانی جەستەی مرۆڤ.

شێوازو کاری هونەریی جیاواز لەم قۆناغەدا دەرکـەوت، بەجۆرێك هەندێك لەکارەکان بوونە سیمبولی مرۆڤایەتی، هونەرمەند لەم قۆناغەدا بەویستی خۆی



کاریدەکردو تواناکانی بەکاردەهێنا لەلایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە ئاراستەنەدەکرا، وەك قۆناغی پێشتر، بۆیە کارە هونەریەکان ویستی مرۆڤدۆستانە بەسەریاندا زاڵە پێش هەر ویستێکیتر، هونەرمەندانی ئەم قۆناغە زۆرن سەرجەمیان جێدەستیان بەمێژووی قۆناغەکەیانەوە دیارەو هەندێکیان توانیان هونەر بگەیەننە لووتکە، بەتایبەت (لیۆناردۆ و رەفائیل)، بەڵام لەڕووی وەرچەرخانی مێژووییەوە لەسەدەی (١٤)دا (جۆتۆ بوندونە١٢٦٦- ١٣٣٧) دەرکەوت توانیویەتی هەندێك گۆڕانکاری هونەری بەدیبێنێت کە تەواو لەقۆناغی پێشخۆی جیاوازبوو، توانی چەند هەنگاوێك بنێت بۆ پێشخستنی تەکنیکی وێناکردنی جووڵەی مرۆڤ، کە زیاتر لەواقعەوە نزیکبێت و بۆ ئەمەش پەنای بردۆتە بەر بەهرە وەرگرتن لەهونەری کلاسیك، بەمەش دیدی نوێی بۆ هونەر هێنایە ئاراوە، هەرچەندە هەندیك پێیانوایە جۆتۆ نەیتوانیوە لەهونەری کەنیسە دەربازبێت، بەڵام ئەو هونەرمەندە [٦٨] کارەکانی تەواو لەهونەری سەدەکانی ناوەڕاست جیاوازبوون، بەجۆرێك هەندێك کارەکانی بەسەرەتای دەسپێکردنی ڕێنیسانس دادەنێن. بەدەرکەوتنی (مازاتچیۆ)وە لەسەدەی(١٥)دا گۆڕانکاری زیاتر لەهونەری وێنەکێشاندا هاتەدی، ئەمەش پاش ئەو کارەی لەکەنیسەی (سانتاماریا دیل کارمینە)کردی کە بریتیبوو لەدیوارنیگاریەك (فرسك) شارەزایان وایبۆدەچن ئەو شێوازەی بەکاریهێناوە لەکارەکەیداو بەکارهێنانی رەنگ و هەوڵدان بۆ دروستکردنی فەزای (سێ رەهەندی)، وایکردوە کارەکەی واقعیتر بنوێنیت [٦٩]، ئەم گۆڕانکاریانەش هەوڵدانە بۆ تێپەڕاندنی شێوەی پێشخۆی و دروستکردنی گۆڕانکاریی لەبواری وێنە کێشاندا. ئەم سەدەیەش بەوە ناسراوە گۆڕانکاریەکان تێیدا زۆرتربوون بەگشتی لەزۆربەی بەشەکانی ئەوروپا شێوازی هونەری جیاواز دەردەکەوتن، سیمایەکی تەواو نوێیان بەخشیە هونەر، بەجۆرێك لەکۆتایی ئەم سەدەیەو سەرەتای سەدەی(١٦)دا وێنەکێشان گەیشتە ئەوپەری داهێنان و هونەرمەندان لەم ماوەیەدا سەراسیمەیان پێشکەش هونەرکردو هونەریان گەیاندە ئەوپەڕی کامڵبوون.

## سەرچاوەکان:


-١ محمد مظفر الآوهمی: تاریخ اوروبالحدیث عصر نهضة، ل٢٧.

-٢سهرابی سپهری: هونەر وەك کەناڵێکی دەربڕین، وەرگێرانی: زانکۆ ئیسماعیل رۆژ، گۆڤاری تویێژینەوە. ژمارە ٥، ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥، ل١٦٩.

-٣ د.سعید عبدلفتاح عاشور: اوروبالعصور الوسطی، جزء الثانی، ١٩٧٦، ل ٢٠٦.

-٤ عبدالعزیز لغنی ابراهیم: محاضرات فی تاریخ اوربا الحدیث عصر نهضة، منشورات، ELEA ، مالطا، ١٩٩٩، ل١١٩.

-٥ محمد حافظ زادة: تاریخ هنر و موسیقی از اغازها تا تالارها، ضاث اول، انتشارات عمیدی، تبریز ١٣٨١، ل١٦١.

-٦ سارا فلۆ وەرز: ریفۆرم، و: ئەبوبەکر خۆشناو، مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان، سلیمانی،٢٠٠٤، ل٨٣-٨٤.

-٧ د سعید عبدالفتاح عاشور: س. پ، ل٢٠٦.

-٨ ارنيست گامبريچ: تاريخ هنر، ت: على رامين، چاپ پنجم، نشرنى، تهران، ١٣٨٧، ل١٨٥.
-٩هيربەرت ريد: ماناى هونەر ، و: سەربەست خەسرەو عارف، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سليمانى، ٢٠٠٧، ل٢٥٧.
-١٠ ويل ديورانت: قصة الحضارة، مجلد الرابع عشر، ت: فوئاد اندراوس و محمد على، مصر، مكتبة الاسرة، ٢٠٠١، ل٦٣.
-١١ هيربەرت ريد: س. پ، ل١٦٤.
-١٢ يوزف ى كوكلمانس: هيدگر و هنر، ت: محمد جواد صافيان،چاپ: اول، نشر: پرسش، اصفهان، ١٣٨٢، ل٢٧-٢٨.
-١٣ ئارنۆڵد هاوزەر: فەلسەفەى مێژووى هونەر، و: دلێر ميرزا، سليمانى ٢٠٠٨، ل٣٥.
-١٤ يوزف ى كوكلمانس: س، پ، ل٢٨.
-١٥ د سعيد عبدالفتاح عاشور: س،پ، ل ٢٠٦.
-١٦على رامين: مبانى جامعه شناسى هنر، چاپ اول، نشر نى، تهران١٣٨٧، ل ٣٢٢.
-١٧ خوزه فرناندز اريناس: راهنماى هنر رنسانس، مترجم: نسرين هاشمى، چاپ اول، نشر ساقى،١٣٨١ تهران، ل٤٨.
-١٨ روين پاكباز: دايره المعارف هنر، چاپ: ششم، تهران، ١٣٨٦، ل٢٦١.
-١٩ عبدلكافى العطوف: س. ث، ل٢٥.
-٢٠ يوزف ى كوكلماس: س،پ، ل٣٠.
-٢١ ويل ديورانت: س. پ، م: رابع عشر(٢٧- ٢٨)، ل٦٤- ٦٥.
-٢٢محمد مضفر الآوهمى: س. ث، ل٢٧.
-٢٣ خوزه فرناندز اريناس: س،پ، ل٧-٨.
-٢٤ ه، س: ل٥.
*جۆتۆ بوندونە(١٢٦٦- ١٣٣٧) ديارترين هونەرمەندى فلۆرەنسايە لە سەدەى چواردەدا بە كۆمەڵێك گۆران و نوێخوازى توانى هونەر بە قۆناغێكى نوێ بگەێنێت.
-٢٥ على رامين: س.پ، ل٣٢٣.
-٢٦ سعيد عبدلفتاح عاشور: س.پ، ج٢، ل٢٠٦.
-٢٧ عبدلكافى العطوف: س. ث، ل٢٥.
-٢٨ خوزه فيرناندز اريناس: س. پ، ل٤.
-٢٩ اسوالد اشبنغلر: تدهر الحضارة الغربية، ت: احمد الشيبانى، الجزء لاول، دار مكتبة الحياة، بيروت، ل٤٠٠، ٤٠٨.
-٣٠ روين پاكباز: س. پ، ل ٢٦٣.
-٣١ عبدعزيز عبدالغنى ابراهيم: س. پ، ل١٢٠.
-٣٢ هيربەرت رِيد: ماناى هونەر، و: سەربەست خەسرەو عارف، چاپى يەكەم، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سليمانى، ٢٠٠٧، ل١٤٤.
-٣٣ خوزه فرناندز اريناس: س. پ، ل٩.
-٣٤ يوزف ى كوكلمانس: س، پ، ل٣٢.
-٣٥ ه. س، ل٣٠، ٣٣.
-٣٦ عبد العزيز عبدغنى ابراهيم: س. ث، ل١٢١.
* تێمپرا: جۆرێك رِەنگە لەمادەى ژەلاتينى بەتايبەت(سپێنەو زەردێنەى هێلكە)تێكەڵبە ئاو چەند مادەيەكيترى چەسپى دروستدەكرێت، هەرچەندە ئەم جۆرە رِەنگە بەباشى جێگيردەبێت و زوو وشكدەبێتەوە، بەلاّم رِەنگێكى ماتەو بريقەدارنيە وەك رِەنگى زەيتى.





-٣٧ روين پاكباز، س.پ، ل٢٦٢
-٣٨ خوزه فرناندز اريناس: س، پ، ل٤٨.
-٣٩ه. س، ل١٥.
-٤٠ كريستف هوكر: تاريخ مختصر معمارى، مترجم:فرهاد گشايش، چاپ اول ، انتشارات لوتس، تهران،١٣٨٠، ل٨٥.
-٤١ رزا ماريالتس: تاريخ هنر-رينسانس، ت: حسن افشار، نشرمركز، ١٣٨٥ ،ل٢٢.
-٤٢ محمد مظفرلاوهمى: س، ث. ل٢٨.
-٤٣ كريستف هوكر: س. پ، ل٨٥.
-٤٤ارنست گامبيرج: س. پ، ل٢٣٩.
-٤٥ محمد مظفر لآوهمى: س.ث، ل٢٨
-٤٦ خوزه فرناندز اريناس: س، پ. ل٢٦.
-٤٧ ارنست گامبيرج: س. پ، ل١٩٧- ١٩٨.
-٤٨ محمد مظفر لآوهمى: س.ث، ل٢٨
-٤٩ ارنست گامبيرج: س. پ، ل١٩٧، ٢٧٨.
-٥١ ه. س، ل٢٧٩
-٥٢ خوزه فرناندز اريناس: س، پ. ل٢٦.
-٥٣ رزا ماريالتس: س. پ، ل٢١
-٥٤ د رمضان بسطا ويسي محمد غانم: جماليات الفنون و فلسسفة تاريخ فن عند هيخل، الطبعة الآولى، ١٩٩٢، بيروت، ل١٢٨.
-٥٥ روين پاكباز، س، پ، ل١٤١.
-٥٦ محمد مظفر الاوهمى: س. ث، ل٢٨.
-٥٧ خوزه فرناندز اريناس: س. پ، ل٣١.
-٥٨ هگل: درسگفتارهايى پيرامون فلسفەى زيبايى شناسى، ت زيبا جبلى، جلد سوم، تهران ابنيگا، ١٣٦٥، ل٩٨٨.
-٥٩ خوزه فرناندز اريناس: س. پ، ل٣٧.
-٦٠ هيگل: س. پ، ج٣، ل١٠١٩.
-٦١ خوزه فرناندز اريناس: س. پ، ل٣٢.
-٦٢ جوهانز ايتن:كتاب رنگ،مترجم،دكتر محمدحسين،چاپ هفتم،تهران،١٣٨٢،ل١٢.
-٦٣ خوزه فرناندز اريناس: س. پ، ل٤٩.
-٦٤ محمد مظفر لاوهمى: س. ث، ل٢٩
-٦٥هيربرت ريد: س. پ، ل٢٥٧.
-٦٦ محمد مظفر لآوهمى: س. ث، ل٢٩.
-٦٧ جوهانز ايتن:س. پ، ل٥٢،١٢.
-٦٨ خوزه فرناندز اريناس: س. پ، ل٥٤.
بيترو ليندا مورى: فن عصر النهظة، ترجمة فخري خليل، مراجعة د سليمان لواسطى، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، طبعه الاولى،بيروت، ٢٠٠٣، ل١٧.
-٦٩ خوزه فرناندز اريناس: س. پ، ل٤٩